# شەهیدانی کۆیە
# لە شەڕی داعشدا

٢٠١٤/٦/١٠ بۆ ٢٠١٦/٦/١٠



• زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ

٢٠١٦

شەهیدانی کۆیە لە شەڕی داعشدا
زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ



***Şehîdanî koye***
***le şerî da'şda***

***Zamdar Ehmed Mela-Resûll***

زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ

# شەهیدانی کۆیە
# لە شەڕی داعشدا

٢٠١٦

hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

شوناسی کتێب
ناوی کتێب: شەهیدانی کۆیە، لە شە ڕی داعشدا
ناوی نووسەر: زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ
وێنەی بەرگی پێشەوە: کاردۆ کامۆ
وێنەی بەرگی پشتەوە: تارا قادر
تیراژ:
چاپی یەکەم: ٢٠١٦
چاپخانەی
دیزاینی بەرگ: مستەفا ئیحسان
دیزاینی ناوەوە: ئەبوبەکر مەلا
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە.

# سوپاس و پێزانین

بۆ سەرجەم کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکان.
بۆ بەڕێز حاجی کاروان، کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی لەئەستۆ گرت.
بۆ بەڕێزان (مۆفەق میراودەلی، بەڵێن خورشید، ئاراس ئیلینجاغی، سامان نەسرەدین، تاریق صابر، خالید محەممەد، بیلال بەهرام، دیار بابان، کرمانج ئیسماعیل، مادح جەمال، هەوراز شەفیق، کاوە مەمەند) کە هەریەکە بەشێوەیەک هاوکاریان کردم.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| شەهید ئەردەوان | ١٣ |
| شەهید ئەردەلان | ١٦ |
| شەهید بەکر | ١٩ |
| شەهید بەختیار | ٢٢ |
| شەهید پشتیوان (ئاپۆ) | ٢٥ |
| شەهید حەمەدئەمین | ٢٨ |
| شەهید خالید سێ قوچانی | ٣١ |
| شەهید ڕەوەند | ٣٤ |
| شەهید ڕێباز | ٣٤ |
| شەهید زرار (زرار گۆمەتاڵی) | ٤٠ |
| شەهید سەمەد(سەمەدئاغا) | ٤٣ |
| شەهید سەرکەوت | ٤٦ |
| شەهید سەرباز | ٤٩ |
| شەهید سیروان شەقڵاوەیی | ٥٢ |
| شەهید شاخەوان | ٥٥ |
| شەهید عەلی | ٥٨ |
| شەهید عەبدوڵڵا (سەرباز گڕاوی) | ٦١ |
| شەهید عەباس | ٦٤ |
| شەهید عەزیز | ٦٧ |
| شەهید قەهار | ٧٠ |
| شەهید کۆسرەت | ٧٣ |
| شەهید محەممەد (گەنجۆ گەرمیانی) | ٧٦ |
| شەهید هەژار | ٧٩ |
| شەهید هێمن | ٨٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٨٥ |

## پێشکەشە بە:

کەس و کاری شەهیدان
هاوژینی هیلاک و بریندار!
دایکی میهرەبان و چاو بە فرمێسک!
باوکی شەونخوونی دڵ سووتاو!
برای کز و مات!
خوشکی پەپولە!
کوری تینوی باوک!
کچی تینوی باوەشی سارد!



hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

شەهید نەمرە وەکوو شاخ
وەکوو بەفر، وەکوو درەخت
وەکوو بەهار و گوڵەباخ
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ...
پەنجە و دەستە
ئازاری خاک ڕائەژەنێ
سۆمای چاوە
کام دوا ڕۆژ دوورە ئەبینێ
شەهید باڵای
بە قەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی
ئینسانە

شێرکۆ بێکەس

# پێشەکی

داعش، کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، یەکێکە لە دیارترین و ناسراوترین ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمەی جیهانە. پێشینەی دروست بوون و ڕاگەیاندنی داعش دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی سەرەتای (٢٠٠٠)ەکان، لە ژێر ناوی دیکە، چالاکییەکانیان لەدژی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەنجام دەدا، لە پاش هاتنی هێزی ئەمریکی بۆ عێراق و کۆتاییهێنان بە ڕژێمی بەعس و ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەددام حوسێن.

کۆمەڵیک هۆکاری سیاسی و ئابووری و مێژوویی و کولتووری بوونە هۆی دروستبوونی داعش. داعش، لە ئەنجامی یەکگرتنی هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و بەرەی نوسڕە دروست بوو و لە هەشتی نیسانی ساڵی (٢٠١٣)دا، لە ڕێگەی تۆمارێکی دەنگییەوە ئەبوبەکر بەغدادی ئەم هەواڵەی ڕاگەیاند و خۆیشی وەکو خەلیفەی ئەم ڕێکخراوە ناساند، لەدوای ئەم ڕێککەوتە مێژووی خوێناوی داعش دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٣)دا، بەشێوەیەکی فەرمی داعش چووە نێو وڵاتی سوریا و دەستیکرد بە هێرشکردن بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و لەماوەیەکی کەمدا، توانی زۆر شاری گەورە لە عێراق و سوریا داگیربکات و خەڵکێکی زۆری سەربازی و مەدەنی ژیانیان لەدەستدا، لەبەرانبەر کردەوەکانی داعشدا.

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، لەنۆی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤)دا، چوونە نێو شاری موسڵ کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە و دەستیان بەسەر فرۆکەخانە و وێستگەی تەلەفزیۆن و بارەگا حکومییەکاندا گرت و نزیکەی (١٠٠٠) بەندکراویشیان ئازاد کرد. بۆ ڕۆژی دواتریش واتە دەی مانگ، داعش توانی بەتەواوی دەست بەسەر شاری موسڵدا بگرێت و هێندەی دیکە شوێن پێی خۆیان بەهێز بکەن و ناوەندێکی گەورەش بۆخۆیان دەستەبەر بکەن. هاوکات شاری ڕەقە لە سوریا، مۆڵگەی سەرەکی داعش بوو.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەشێوەیەکی خێرا و لە یازدەی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤)دا، داعش توانی شاری تکریت کۆنترۆڵ بکات و لە بیست و یەکی حوزەیرانیشدا، شارۆچکەی قائیم و چەند ناوچەیەکی دیکەشیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بەڵام، داعش نەیانتوانی لە گرتنی کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان سەرکەوتووبێ، بەڵکو لەوێدا کۆتایی بە ئەفسانەی لەبن نەهاتووی داعش هات.

لە سێی تەممووزی  هەمان ساڵدا، گەورەترین کێڵگەی نەوتی سوریا ناسراو بە (ئەلعومار) کەوتە ژێر دەستی داعش. لەدواتردا زۆربەی شارەکانی نێوان سنووری عێراق و سوریا کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی داعش و لە بیست و چواری مانگیشدا، مەزارگەی نەبی یونس لە موسڵ تەقێندرایەوە و خاپوور کرا.

لەکۆتایی ساڵی (٢٠١٥)دا، دەزگای ئاسایشی فیدراڵی رووسیا رایگەیاند، کە نزیکەی (٨٠) هەزار چەکدار لە ڕیزەکانی داعشدا لە عێراق و سوریا بوونیان هەیە، لەو ڕێژەیەش (٣٠) هەزاریان لە عێراقن و (٥٠) هەزارەکەی دیکەش لە سوریادان. بەگوێرەی ڕاپۆرتە ئەمنییەکان، پێکهاتەی چەکدارانی داعش لە عێراق و سوریا، لە هاونیشتیمانی هەریەک لەوڵاتانی (بۆسنە، بەحرەین، بەریتانیا، بەلجیکا، پاکستان، تورکیا، تونس، جەزائیر، چین، دانیمارک، روسیا، سعودیە، سودان، سوید، سویسرا، سۆماڵ، فنلەندا، فەرەنسا، قەتەر، کازاخستان،کوەیت،کۆسۆڤۆ، کەندا، لوبنان، لیبیا، میسر، مەغرب، نەرویج، نەمسا، هۆڵەندا، ولایەتە یەکگرتووەکان، ئوسترالیا، ئۆکراین، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئیمارات، ئێرلەندا، ئوردن، ئەلبانیا، ئەڵمانیا، یەمەن، ئەندەنوسیا) پێکهاتووە.

داعش، لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدایە بەتایبەتی لە سوریا و عێراقە، لەم نێوەندەشدا کوردستان بەشێکە لە عێراق و لەنێو هەناوی وڵاتانی عەرەبیدایە. بەهەرهۆیەک بێ، کوردیش لەشەڕی داعش تێوەگلا و لەسەرەتاوە پێشمەرگە ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەوە.

داعش، لە مێژووی خۆیدا، بەدەیان و سەدان و هەزاران کردەوەی نامرۆڤانەی بەرانبەر

بە مرۆڤ ئەنجامدا، بۆ وێنە سەربڕین و سووتانی مرۆڤ و کارەساتی شەنگال، کە بەرانبەر ئافرەت و کچە یەزیدییەکانی ئەو سنوورەی کرد، بە بیانووی دینەوە کە کڕین و فرۆشتنی پێدەکردن. هاوکات هەوڵی سڕینەوەی کولتور و ناسنامەی دا، بە نموونە لەناوبردن و شکاندنی خاپوورکردنی مۆزەخانە، لە موسڵ. هەموو ئەمانەش دوورن لە بەهای کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی مرۆڤایەتی.

پێشمەرگە:

پێشمەرگە، چەمکێکی کوردییە، بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێ کە ئامادەن مەرگی خۆیان پێش هەموو شتێک بخەن، لەپێناو پاراستنی خاک و نەتەوە و نیشتیمان و هاونیشتیمانیانی خۆیان، سەرەتای دروست بوون و بەکارهێنانی چەمکی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەساڵی (١٩٤٦) لە مهاباد، کە لەلایەن چاپچییەکەی قازی محەممەد پێشنیارکرا، لەدواتردا ئەم ناوە پەسند کرا.

بەدرێژایی مێژوو پێشمەرگە ڕۆڵی گرنگی لە شۆڕش و بزوتنەوە و چالاکییە سەربازییەکانی کوردستاندا هەبووە، بۆ نموونە کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی و ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) و لەناوبردن و ڕووخانی حکومەتی بەعسی لەسەردەمی سەددام حوسێن، لە ساڵی (٢٠٠٣)دا.

لەدوای دروست بوونی داعش و فراوانخوازییەکان و هەستکردن بە مەترسی بۆ سەر خاکی کوردستان، پێشمەرگەکانی کوردستان، بەبێ جیاوازی وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی نیشتیمانی و ئەخلاقی و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی، هەڵسان بە بەرگری کردن لە کوردستان، لەکۆی گشتی ئەو ناوچانەی کە مەترسیان لەسەرە. بەتایبەتی لە سنووری کەرکووک و شەنگال، تەنانەت لە ڕۆژئاوای کوردستانیش.

بەشداری کردنی پێشمەرگە، لە شەری دژی داعشدا، لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستان و هاونیشتیمانیانە، لەم نێوەندەشدا، بە دەیان و سەدان، ئەفسەر و پلە باڵا لە سەنگەرەکانی بەرگری کردن گیانیان بە کوردستان سپارد و بە سەدان و



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هـەزاران پێشـمەرگە بوونـە قوربانـی نەتـەوە و نیشـتیمانیان، بەگوێـرەی سـەرچاوەکان، تاکـوو ئێسـتا نزیکـەی (١٥٠٠) پێشـمەرگە شـەهید بـووە، نزیکـەی (٥٠٠٠) هـەزار پێشـمەرگەی دیکـەش برینـدار بـووە، ئەڵبەتـە داسـتانی گـەورە و مـەزن و سـەرکەوتنی گەورەیـان بەرانبـەر بـە داعش بەدەسـت هێنـاوە.

خوێنـەری ئازیـز، ئەمـەی لەبەردەسـتتدا، بیبلۆگرافیایـی کـۆی گشـتی ئـەو شـەهیدانەیە، کـە لەسـنووری قـەزای کۆیـە و دەوروبـەری لـە دەی حوزەیرانـی سـاڵی (٢٠١٤) تـا دەی حوزەیرانـی (٢٠١٦) لـە شـەڕی بەرانبـەر داعشـدا، لـە شـوێن و کاتـی جیـاوازدا، لـە باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان شـەهید بـوون.

لە ماوەی نێوان ئـەو دوو سـاڵەی ئاماژەمان پێکردووە، بیسـت و چوار کەس لە سنووری قـەزای کۆیـە و پێنـج ناحیەکـە شـەهید بـووە، ئەڵبەتـە ئـەو کەسـانەی کـە لێـرە ئامـاژەی پێکـراوە، ئـەو کەسـانەن کـە ناویـان لـە لیسـتی بەڕێوەبەرایەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوانـی شـەهیدانی کۆیـەدا هەیـە. ئـەو کەسـانەن کـە پێش شـەهید بوونیان لـە شـاری کۆیـە نیشـتەجێ بوونـە، واتـە ئـەو کەسـانەی کـە خەڵکـی کۆیـەن و لـەدەرەوەی کۆیە نیشـتەجێ بووە و ئـەو کەسـانەی کە لـەدوای شـەهید بوونـی کـەس و کاریان ماڵیان گواسـتۆتەوە کۆیـە، ئامـاژەی پێنەکراوە.

لە سـنووری جوگرافـی قـەزای کۆیـە، بیسـت و چوار کـەس، شـەهید بووە، لـە سـەنتەری قـەزای کۆیـە چـواردە کـەس شـەهید بـووە، لـە سـنووری جوگرافـی ناحیـەی تـەق تـەق، شـەش کـەس شـەهید بـووە، لـە سـنووری جوگرافـی ناحیـەی سـێگردکان سـێ کـەس شـەهید بـووە، لـە سـنووری ناحیـەی شـۆڕش-دێگەڵە یـەک کـەس شـەهید بـووە.

لەسـنووری جوگرافی شـاری کۆیـە، بچووکترین شـەهید، شـەهید گەنجۆ گەرمیانـی بوو، کـە تەمەنـی هـەژدە سـاڵ بوو، گەورەترین شـەهید، شـەهید سـیروان شـەقلاوەیی بوو، کە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵ بوو.

شـەهید سـەرباز گـراوی، یەکـەم شـەهیدی شـەڕی داعش بـوو لـە سـنووری سـەنتەری

قەزای کۆیە، لە ڕێککەوتی بیست و چواری تەمموزی ساڵی (٢٠١٤)دا. یەکەم شەهیدی سنووری ناحیەی تەق تەق، شەهید سەرباز ئەکرەم و ئەردەلان میرخان بوو، لە ڕێککەوتی نۆزدەی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا. لە سنوری جوگرافی ناحیەی سێگردکان، شەهید عەباس سەعدی ئیسماعیل، یەکەم شەهیدی شەڕی داعش بوو، لە ڕێککەوتی یازدەی ئەیلوولی ساڵی (٢٠١٤)دا. لە سنووری ناحیەی شۆڕش-دێگەڵە، شەهید زرار گۆمەتاڵی یەکەم و کۆتا شەهیدی ئەو سنوورەیە.

کۆتا شەهید لە سنووری سەنتەری قەزای کۆیە، شەهید سیروان شەقلاوەیی بوو، لە ڕێککەوتی بیست و چواری نیسانی (٢٠١٦)دا و کۆتا شەهیدیش لە سنووری ناحیەی تەق تەق، شەهید بەکر بایز ڕەشید بوو، لە ڕێککەوتی حەوتی حوزەیرانی (٢٠١٦)دا و کۆتا شەهیدیش لە سنووری ناحیەی سێگردکان، شەهید کۆسرەت یاسین بوو، لە ڕێککەوتی سی و یەکی ساڵی (٢٠١٥)دا.

لەنێو شەهیدانی کۆیە، یەکەم ئەفسەر کە شەهید بوو، شەهید عەمید سەرباز گڕاوی بوو لەکۆیە، کۆتا ئەفسەریش شەهید نەقیب بەکر بایز بوو، لە تەق تەق.

لەکۆی ئەو بیست و چوار شەهیدە، شەش ئەفسەر- پلەدار، شەهید بوونە، لەنێویاندا، ملازمی یەکەم و دوو نەقیب و عەقید و دوو عەمیدی تێدایە.

زۆرترین شەهید کە لە ڕۆژێکدا هێنرایەوە کۆیە، ڕۆژی سی و یەکی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٥) بوو، کە پێنج کەسی کۆیە و دەوروبەری لە گوندی مەلا عەبدوڵلا شەهید بوون. لە ناحیەی تەق تەقیش، لە ڕۆژی نۆزدەی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا دوو شەهیدی بۆ گەڕایەوە. هەروەها، لە ڕۆژی سی ئابی ساڵی (٢٠١٥) شدا، دوو شەهیدی دیکەی بۆ گەڕایەوە. کە هەر چوار شەهیدەکەی ناحیەی تەق تەق بەهۆی بۆمبی چێندراوەوە گیانیان لەدەستدا. زۆرترین شەهیدانی کۆیەش، لە سنووری پارێزگای کەرکووک و دەوروبەری بووە.

لە کۆی ئەو بیست و چوار شەهیدە، دە شەهیدیان بەهۆی فیشەکەوە شەهید بووە،



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

حەوت شەهید بەهۆی بۆمبی چێندراو (عەبۆ) شەهید بووە، پێنج شەهید بەهۆی بەرکەوتنی ساچمەی تەقینەوە شەهید بووە، دوو شەهیدیش بەهۆکاری جۆراوجۆر، شەهید بوون.

لە کۆی ئەو بیست و چوار شەهیدەی سنووری قەزاری کۆیە، نۆزدە شەهیدیان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و پێنج شەهیدەکەی دیکە، سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بووە.

لەکۆی ئەو بیست و چوار شەهیدەی سنووری قەزاری کۆیە، زۆرینەیان بەهۆی فەقییر و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە وازیان لەخوێندن هێناوە و هەمووشی خەڵکی گوند بوونە.

هیوادارم ئەم نووسینە خزمەتێکی بچووک بێ، بە کەس و کاری شەهیدانی سەربەرزی کوردستان. ئومێدەواریشم لەداهاتوودا کۆی گشتی شەهیدانی شەڕی داعش، بۆ مێژوو لە کتێبێکی گەورەدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەسەر بەرزی و بەنەمری بمێننەوە.

زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ
تەممووزی ٢٠١٦



# شەهید ئەردەوان

## ئەردەوان بەحری قادر قادر

یەکێک لەو شەهیدە گەنجانەی لە پێناو پاراستنی خاک و نەتەوە و نیشتیمانی کوردستان و بەرگری کردن لێی، لە بەرانبەر داعشدا، گیانی لەدەستدا، شەهید ئەردەوان بەحری قادر قادر بوو.

شەهید ئەردەوان، لە سێی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٩) لە قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، بەڵام تەمەنێکی کەم لە قوشتەپە بەسەردەبات، چونکە بنەماڵەکەیان لە بارودۆخێکی سیاسی خراپدابووە، لەبەرئەوە بەناچاری لە ساڵی (١٩٩٦)ـەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە قوشتەپەوە دەگوازنەوە بۆ پارێزگای موسڵ و نزیکەی نۆ ساڵ لەوێدا دەمێننەوە، لەو ماوەیەشدا ئەردەوان، تەنیا قۆناغی سەرەتایی تاکوو پۆلی شەشی بنەڕەتی دەخوێنێت و لەدوایدا واز لەخوێندن دەهێنێت. لە ساڵی (٢٠٠٥)دا، جارێکی دیکە، بەهۆی بارودۆخی سیاسیەوە بنەماڵەی شەهید ئەردەوان شوێنی نیشتەجێبوونیان لە موسڵەوە دەگوازنەوە بۆ شاری کۆیە. ئەردەوان، یەکێک بوو لە وەرزشکار- گۆڵپارێزە دیار و بەتواناکانی شاری کۆیە و بەشداری زۆربەی خول و یارییە گرنگەکانی کردووە.

شەهید ئەردەوان، لە ساڵی (٢٠٠٧)ـدا، پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە دەکات و بەفەرمی دەبێ بە پێشمەرگەی کوردستان و بۆ ماوەی هەشت ساڵ، واتە تاکوو



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شـەهید بوونـی لەڕێـی وەزارەتـی پێشـمەرگەوە خزمـەت دەکات.
لەسـەرەتای هاتنـی داعـش و نزیـک بوونەوەیـان لـە ناوچـە کوردییـەکان، شـەهید ئـەردەوان لـە ڕێزی پێشـەوەی بەرگری کردن بـووە لـە خاکی کوردسـتان، تا ڕێککەوتی سـی ئەیلوولـی سـاڵی (٢٠١٥)ـدا، بـەهۆی تەقینـەوەی بۆمبێکـی چیندراو، چۆتـە ڕێزی شـەهیدانی کوردسـتانەوە.
لەکاتـی هێرشـی داعـش و بەرگـری کردنـی پێشـمەرگە لـە گونـدی (کـواز عـەرەب) لـە حەویجـە، هەریـەک لـە شـەهید ئـەردەوان و شـەهید قەهـار سـەلیم، بەهانـای بەشـێک لـە هاوسـەنگەرەکانیان دەچـن، کـە مەترسـیان لەسـەر بـووە، لەکاتـی چوونیـان بەمەبەسـتی یارمەتیدانیـان، بۆمبێکـی چێنـدراو بـە شـەهید قەهـاردا دەتەقێتـەوە و بەیەکـەوە شـەهید دەبن. لـەدوای شـەهید بوونـی ئـەردەوان، لەلایـەن بنەماڵە و خزمـان و هاوڕێیانی بەڕێزەوە بەڕێدەکرێ بۆ قوشـتەپە و لـە گۆڕسـتانی قوشـتەپە، بـە خاکـی دەسـپێرن.
بۆ وەرگرتنـی زانیارییەکانـی دیدار لەگـەڵ بەڕێزان (سـەردار بەحـری قـادر قـادر، بـرای شـەهید و بەحـری قـادر قـادر جەوهـەر، باوکـی شـەهید) ئەنجامـدراوە. لـە ڕێککەوتـی سـێی تەممـوز، ڕۆژی یـەک شـەممە، لەماڵـی باوکـی شـەهید ئـەردەوان.









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید ئەردەڵان

## ئەردەڵان میرخان ئەسعەد ئۆمەر

یەکێکی دیکە لەو گەنجانەی کە لە خەمی کورد و کوردستان و پارێزگاری کردن لە هاونیشتیمانیان و خاکەکەیدا شەهید بوو و لەو پێناوەشدا گیانی خۆی بە خاک سپارد، لە سنووری ناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیە، شەهید ئەردەڵان میرخان ئەسعەد ئۆمەر بوو.

شەهید ئەردەڵان میرخان، لە یەکی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٤) لە ناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیە، لەدایک بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا لە گوندی تاڵەبانی گەورەوە چۆتنە تەق تەق و تێیدا گیرساونەتەوە. لە ماوەی تەمەنیدا لە خوێندن بەردەوام بووە و تاکوو پۆلی شەشی ئامادەیی/دوازدەی خوێندووە و لەدواتردا بەهۆی ئەوەی بۆتە پۆلیس وازی لەخوێندن هێناوە و زیاتر سەرقاڵی دەوامی پۆلیسی بووە لە سنووری جوگرافی شاری کۆیە، لەبەرئەوە دەرفەتی خوێندنی نەماوە.

شەهید ئەردەڵان، لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە پێوەندی بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە کردووە و بووە بە پۆلیس و سەرقاڵی دەوامی خۆی بووە، بەڵام لەدوای هاتنی داعش بۆ ناوچەکە، شەهید ئەردەڵان و ژمارەیەک هاوڕێی دیکەی بەمەبەستی بەرگری کردن لە خاکی کوردستان دەچنە ڕیزی پێشەوەی بەرگری کردن، لەبەرانبەر داعشدا، تا ڕێککەوتی نۆزدەی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)ـدا، لەگەڵ سەرباز

ئەکرەمی هاوڕێی بەهۆی بۆمبی چێندراوەوە لە گوندی (ئینگیجە) لە دووز خورماتوو گیانی بەخاکی کوردستان دەبەخشێ.

لەدوای گیان لەدەست دانی شەهید ئەردەلان و شەهید سەرباز، بەمەراسیم و ڕێ و ڕەسمەوە دەهێندرێتەوە و لەلایەن خەڵکی ناوچەکە پێشوازیان لێدەکرێ و بەڕێزەوە دەیبەنەوە زێدی خۆی کە گوندی تاڵەبانی گەورەیە، لەوێدا لە گۆڕستانی گەورەی تاڵەبانی گەورە، بەخاکی دەسپێرن و نێوی چووە نێو کاروانی شەهیدانی کوردەوە. شەهید ئەردەلان، دووەم شەهیدی خێزانەکەیانە، چونکە لە ساڵانی نەوەدەکان برایەکی دیکەی بەناوی ڕەشید میرخان ئەسعەد شەهید دەبێ و لە ئێستادا سێ خوشک و چوار برای لە ژیاندا ماوە.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (عەیشی تەها سالح ، دایکی شەهید و ئارام میرخان ئەسعەد، برای شەهید و هەتاو میرخان ئەسعەد، خوشکی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یازدەی تەمموز، ڕۆژی دوو شەممە، لەماڵی دایکی شەهید، لە تەق تەق.





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku







# شەهید
# بەکر مەلازیادی

## بەکر بایز ڕەشید حەمەد

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی لە پێناو خاک و نەتەوە و نیشتیمان و پارێزگاری کردن لە هەرێمی کوردستان، لەبەرانبەر هێرشەکانی داعشدا، لە شەڕی داعش، شەهید بووە، شەهید بەکر بایز ڕەشید حەمەدە، ناسراوە بە بەکر مەلازیادی.

بەکر بایز ڕەشید حەمەد، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٧٨) لە گوندی مەلا زیاد-تەق تەق، قەزای کۆیە لەدایک بووە، لە خوێندندا تاکوو پۆلی شەشی سەرەتایی/بنەڕەتی خوێندووە، لەدواتردا بەهۆی فەقیری و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە وازی لەخوێندن هێناوە و زیاتر سەرقاڵی کارکردنی جیاواز بووە، لە ناوچەکەدا.

شەهید بەکر، لە ساڵی (١٩٩٤) و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، چەکی لە شانی کردووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و لەو ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە، کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە، لەوانە شەری "جوندولئیسلام" لەهەورامان و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" و بۆ دواجاریش بەشداری لە "شەری داعش" کرد و تێیدا شەهید بوو.

شەهید بەکر، پلەی سەربازی نەقیب بووە.

بەکر بایز، لە ساڵی (2002)دا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (هاوژین



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

فەیسـەڵ فـارس) پێکهێنـاوە و بەرهەمـی ئـەو هاوژینـی و بەیەکـەوە بوونەیـان کوڕێـک بـە نێوی (مالیـک، تەمـەن نـۆ سـاڵ) و کچێـک بەنێوی (ماردین، تەمـەن سـێزدە سـاڵ)ە.
لەسـەرەتای هاتنـی داعش و نزیـک بوونـەوە و فشـارەکانی بـۆ سـەر سـنوری جوگرافـی هەرێمـی کوردسـتان، بەکر بایز، بەشـدار بووە لـە بەرگری کردن لـە خاکـی کوردسـتان و تێکشـکانی هێرشـەکانی داعش و بەرپەچدانـەوەی کۆی گشـتی هێرشـەکان، تـا ڕێککەوتی حەوتـی حوزەیرانـی سـاڵی (٢٠١٦)، لـە ناوچـەی باقرت، لـە شـاری مەخمـوور، لەکاتـی پشـکنینی ڕێگا و بان، بەمەبەسـتی پوچەڵکردنـەوەی ناوچـە مین ڕێژکراوەکان، بۆمبێکی چێنـدراوی پێدا دەتەقێتـەوە و دەچێتـە ڕێزی شـەهیدانی کوردسـتان.
بۆ وەرگرتنـی زانیارییەکانی دیدار لەگـەڵ بەڕێزان (عەزیز بایز ڕەشـید حەمـەد، برای شـەهید و برایـم بایـز ڕەشـید حەمـەد، بـرای شـەهید) ئەنجامـدراوە. لـە ڕێککەوتـی یـازدەی تەممـوز، ڕۆژی دوو شـەممە، لەماڵـی عەزیـز بایـز، لەگونـدی مەلازیاد-تـەق تـەق.









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید بەختیار

## بەختیار خزر عەباس ئەحمەد

یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی کە گیانی خۆی کردە قوربانی خاک و نەتەوە و هاونیشتیمانیانی کوردستان، لە سنووری ناحیەی تەق تەق، شەهید بەختیار خزر عەباس ئەحمەد بوو.

بەختیار خزر، لە چواردەی ئەیلوولی ساڵی (١٩٨١) لە ناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیە لەدایک بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی ئیلینجاغی گەورەن لە نزیک ناحیەی تەق تەق. بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و ناوچەکە، ناوبراو دەرفەتی درێژەدانی بەخوێندنی نەبووە و تەنیا پۆلی شەشی بنەڕەتی خوێندووە و لەدواتردا وازی لە خوێندن هێناوە و خەریکی کاری ڕۆژانە بووە.

بەختیار خزر، لە ساڵی (٢٠٠٠)دا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بە ناوی (نەسرین حەمەخان عومەر) پێکدەهێنێ و بەرهەمی ئەو ژیانەیان دوو کچ بەنێوەکانی (هێلین، تەمەن چواردە ساڵ، هێڤی، تەمەن پێنج ساڵ) و کوڕێک بەنێوی (پەیوەست، تەمەن سێزدە ساڵ) بووە.

شەهید بەختیار، لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگە و بەرگریکاری خاکی کوردستان، لەماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتیدا، بەشداری چەندین شەری کردووە، لەوانە شەری "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و

سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)"، لەدوا شەڕیشدا هەر لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ناوچەکانی نزیک لە هەرێمی کوردستان، بەشداری کردووە.

شەهید بەختیار، لە ڕێککەوتی نۆی ئاداری ساڵی (٢٠١٥)دا و لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا، لە گوندی سەخرە لە ناوچەی خەرابەڕووت لە باشووری کەرکووک، لەکاتی هێرشی داعش و بەرگری کردن و تێکشکانی هێرشەکانی داعش، لە ئەنجامی بەرکەوتنی فیشەکێک بە سەری شەهید دەبێت و نێوی دەچێتە ڕیزی شەهیدانی کورد و کوردستان.

لەدوای شەهید بوونی، شەهید بەختیار، بە مەراسیم و ڕێ و ڕەسم و بەڕێزەوە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە پێشوازی لە جەستەی ناوبراو دەکەن و دەیبەنەوە زێدی خۆی لە گوندی ئیلینجاغی گەورە و هەر لە گۆڕستانی گەورەی ئیلنجاغ بە خاکی دەسپێرن.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێز (خزر عەباس ئەحمەد ، باوکی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یازدەی تەمموز، ڕۆژی دوو شەممە، لە ماڵی بابی شەهید، لە تەق تەق.






hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە







# شەهید ئاپۆ

## پشتیوان فەتاح ئەبابەکر سمایل

یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی لەکاتی بەرگری کردن لە خاکی کوردستان لەلایەن داعشەوە شەهید دەکرێ، شەهید پشتیوان ئەبابەکر سمایل بوو، کە بە ئاپۆ ناسراوە.
پشتیوان فەتاح، لە ڕێککەوتی یەکی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٣) لە گوندی کفرە دۆڵ/دەشتی کۆیە، لەدایک بووە. بەشێوەی پچڕ پچڕ لە خوێندن بەردەوام بووە، بەشێوەیەک لە کاتی شەهید بوونی لە پۆلی یازدەی ئامادەیی بووە، لە خوێندنی شەوانە.
پشتیوان لە ساڵی (٢٠٠١)ـدا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (خوناو عەبدولرەحمان محەممەد عەزیز) پێکدەهێنێ، بەرهەمی ئەو هاوژینی و بەیەکەوەبوونەیان، دوو منداڵە، کچێک بەنێوی (هێلین، تەمەن دوازدە ساڵ) و کوڕێک بەنێوی (باڤێل، تەمەن نۆ ساڵ)ە.
پشتیوان فەتاح، لە سەرەتای ساڵی نەوەدەکان، پێوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە"وە دەکات و بۆماوەی شەش مانگ لە شاخ دەمێنێتەوە. لەبەرئەوە، لەدوای گەڕانەوەی بە ئاپۆ دەناسرێت. هاوکات، دەوترێ ڕوخساری بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەچێت.
ئاپۆ، لە ساڵی (١٩٩٧)ـەوە چەکی لە شان کردووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان،



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەتەمەنی پێشمەرگایەتیدا، بەشداری چەندین شەری کردووە، لەوانە شەری "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)"، دواجاریش شەڕی "داعش" بوو، کە تێیدا شەهید کرا. ئەڵبەتە لەماوەی پێشمەرگایەتیدا سێ جار برینداربووە.

ئاپۆ، پلەی سەربازی نەقیب بوو.

شەهید ئاپۆ، لەسەرەتای هاتنی داعش، بەردەوام لە بەرگری کردنی خاک و نەتەوە و نیشتیمانی دابووە، تا ڕێککەوتی سی و یەکی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٥)دا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش و بەرگری کردن لە خاکی کوردستان، لە گوندی مەلا عەبدوڵلا لە کەرکووک، لە ئەنجامی بەرکەوتنی چەند فیشەکێک بە جەستەی گیان لەدەست دەدات و نێوی دەچێتە ڕیزی شەهیدانی کوردستانەوە.

لەدوای شەهید بوونی شەهید ئاپۆ بەمەڕاسیم و ڕێ و ڕەسمەوە دەهێندرێتەوە شاری کۆیە و لەوێوە بەڕێدەکرێ بۆ زێدی خۆی و لەگوندی کفرە دۆڵ، بەخاکی دەسپێرن.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێز (خوناو عەبدولرەحمان محەممەد عەزیز ، هاوژینی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی شازدەی تەمموز، ڕۆژی شەممە، لە ماڵی شەهید، لە کۆیە.



زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ







ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید حەمەدئەمین

## حەمەدئەمین عومەر ئەمین خدر

یەكێكی دیكە لەو شەهیدانەی كە لە سنووری قەزاری كۆیە، لەماوەی بەرگری كردن و ڕووبەڕوو بونەوەی داعش گیانی لەدەست داوە، شەهید حەمەدئەمین عومەر ئەمین خدر بووە.

حەمەدئەمین عومەر ، لە یەكی تەمموزی سالّی (١٩٦٥) لە گوندی شەوگێری سەر بە قەزای كۆیە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەوگێڕ و خوێندنی ناوەندی لە شاری كۆیە فێرگەی قادرییە- حاجی قادر، تەواو كردووە. بەلاّم لەدواتردا بەهۆی فەقیری و هەژارییەوە وازی لەخوێندن هێناوە و سەرقالّی كاركردن بووە، بەتایبەت كشتوكالّی.

حەمەدئەمین، لە تەمەنی سی و پێنج سالّیدا و لە سالّی (٢٠٠٠)دا، ژیانی هاوبەشی لەگەلّ خانمێك بەناوی (نەجیبە ڕەسووڵ ئەحمەد عەباس) پێكدەهێنێ و بەرهەمی ئەو ژیانەیان كوڕێك بەنێوی (ڕامان، تەمەن دوازدە سالّ) و كچێك بەنێوی (ڕەیان، تەمەن چواردە سالّ) بووە.


شەهید حەمەدەمین، لە ڕاپەڕینی سالّی (١٩٩١)ەوە چەكی لە شان كردووە و بووە بە پێشمەرگەی كوردستان و لەماوەی ژیانیدا بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی كردووە كە ڕوویانداوە، لەوانە شەری "جوندولئیسلام" و "كۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و

سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)"، لەدوا شەڕیشدا "داعش". ئەڵبەتە، لە بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا، برایەکی بەنێوی قارەمان لە ڕانیە شەهید کراوە.

شەهید حەمەدەمین لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە شەهید حەمەدەمین لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو وەزارەتی ناوخۆ و دەبێتە پۆلیسی کارەبا.

لەسەرەتای هێرشەکانی داعش، بەتایبەتی بۆ سنووری جوگرافی پارێزگای کەرکووک، بەشێک لە پۆلیسەکان دەنێردرێنە سنووری بەرگری شەڕکردن تا لە ڕێککەوتی پێنجی ئەیلوولی ساڵی (٢٠١٤)دا، حەمەدەمین و پۆلێک لە هاوڕێکانی لەخانوێکی نێو شاری کەرکووک جێگردەبن، بەمەبەستی پاراستنی ناوخۆیی شار و لەکاتی ڕۆژ ئاوابوون و تاریک بوونی شار و پچڕانی کارەبا، حەمەدەمین لەسەر بیناکە دەکەوێتە خوارەوە و ماوەی یەک کاتژمێر بە برینداری دەمێنێتەوە و لەدوایدا بەیەکجای ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. و لە گۆڕستانی گەورەی شەوگێراوە، بەخاکی دەسپێرن.


بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (نەجیبە ڕەسووڵ ئەحمەد، هاوژینی شەهید و قادر عومەر ئەمین، برای شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی چواردەی تەمموز، ڕۆژی پێنج شەممە، لەماڵی ناوبراوان، لەکۆیە.





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


وەزارەتی ناوخۆ





# شەهید
# خالید سێ قوچانی

## خالید حەسەن حەمەد عەبدوڵڵا

یەکێکی دیکە، لەو شەهیدانەی لەپێناو پاراستنی هەرێمی کوردستان و هاونیشتیمانیان، لە سنووری قەزای کۆیە گیانی خۆی بە کوردستان بەخشی، شەهید خالید حەسەن حەمەد عەبدوڵڵایە، کە ناسراوە بە عەقید خالید سێ قوچانی.

خالید حەسەن، لە ساڵی (١٩٧٠) لە گوندی سێ قوچانی سەر بەناحیەی پردێ/ پارێزگای کەرکووک لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی لەگوندی سێ قوچان و خوێندنی ناوەندی لە کەرکووک تەواو کردووە، لەدواتردا وازی لەخوێندن هێناوە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان.

شەهید خالید سێ قوچانی، لە ساڵی (١٩٨٧) لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، چەکی هەڵگرتووە و بۆتە پێشمەرگە و چۆتە شاخ، لەدوای ساڵێک پێشمەرگایەتی بۆ ماوەی ساڵێک لەلایەن بەعسەوە دەستگیر دەکرێ.

شەهید سێ قوچانی، لەڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) بەشدار بووە و ڕۆڵی خۆی هەبووە و لە ماوەی پێشمەگایەتیدا بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە، کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە، لەوانە شەری "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" و "شەری داعش" کردووە، ئەڵبەتە لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شەهید خالید، پلەی سەربازی عەقید بووە.

خالید حەسەن، لە ساڵی (١٩٩٢) ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بە نێوی (فێنک سەلیم لەتیف) پێکهێناوە و بەرهەمی بەیەکەوەبوونیان حەوت منداڵە، دوو کچ بەنێوەکانی (دڵماو، تەمەن بیست ساڵ و دڵنیا، تەمەن چواردە ساڵ) و (شاباز، تەمەن هەژدە ساڵ، شاهەنگ، تەمەن شازدە ساڵ، شاکێو، تەمەن دوازدە ساڵ، شامیر، تەمەن سێزدە ساڵ و شاسوار تەمەن پێنج ساڵ).

شەهید خالید، لە ڕێککەوتی بیست و پێنجی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٥)دا، لە باشیکە "بەعشیقە" نزیک موسڵ، لەکاتی بەرگری کردن و بەهاناوەچوونی بەشێک لە هاوسەنگەرەکانی، بە فیشەکی قەناس، دەپێکرێ و شەهید دەبێ.

لەدوای شەهید بوونی شەهید سێ قوچانی، بەڕێ و ڕەسم و پێشوازییەوە دەهێنرێتەوە شاری کۆیە و لە گۆڕستانی قشڵە بەخاک دەسپێردرێ.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان دیدار لەگەڵ بەڕێز (فێنک سەلیم لەتیف ئەحمەد، هاوژینی شەهید) ئەنجامدراوە، لە ڕێککەوتی سێی تەمووز، ڕۆژی یەک شەممە، لە ماڵی شەهید، لەکۆیە.









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید ڕەوەند

## ڕەوەند مامەند سەلام حەمەد

کاروانی شەهید و قوربانیدان بەردەوامە، یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی شاری کۆیە کە لە بەرانبەر شەڕی داعشدا، لە پێناو پاراستنی خاک و نیشتیمان و نەتەوە و ئاڵای کوردستان شەهید بووە، شەهید ڕەوەند مامەند سەلام حەمەد دۆندارییە.

شەهید ڕەوەند مامەند، لە بیست و پێنجی ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٩) لە شاری کۆیە لەدایکبووە، لەبنەڕەتدا بنەماڵەکەیان لە گوندی دۆندراوە/ دەشتی کۆیە هاتوونەتە شاری کۆیە، لەوێدا ڕەوەند دەستیکردووە بەخوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی/بنەڕەتی بەسەرکەوتوویی بەکۆتا هێناوە، بەڵام بەهۆی فەقیری و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە، وازی لە خوێندن هێناوە و سەرقاڵی پەیداکردنی بژێوی ژیان بووە.

شەهید ڕەوەند، لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا و لە ساڵی (٢٠١٢)دا، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بە نێوی (نەجیبە عەباس سەلام) پێکدەهێنێ و بەرهەمی ئەو هاوژینیەیان دوو منداڵی کچە بەنێوەکانی (ڕەیان، تەمەن دوو ساڵ و ڕۆنیاس، تەمەن سێ ساڵ)، بەڵام تەمەن یارویاقی نابێ، ڕەوەند زیاتر درێژە بە ژیان بدات لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی.

شەهید ڕەوەند مامەند، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا، پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە دەکات و دەبێ بە پێشمەرگەی کوردستان و بۆ ماوەی نۆ ساڵ لە خزمەتکردن

بەردەوام دەبێ تا ڕێککەوتی شەهید بوونەکەی لە ساڵی (٢٠١٤)دا.

لە سەرەتای هاتنی داعش و فشارەکانی، شەهید ڕەوەند لەڕیزی پێشەوەی شەڕکردندا بووە و بەردەوام لە بەرگری خاکی کوردستان بووە، تا ڕێککەوتی شەشی ئەیلوولی ساڵی (٢٠١٤)دا، لە باشیکە "بەعشیقە" نزیک موسڵ، لەکاتی بەرگری کردن، بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە برینداردەبێ، لەدوای بریندار بوونی و کەوتنی بەزەویدا ئازار بەنێوچاوانی دەگات و لەدوای ماوەیەکی کەم، شەهید دەبێ.

لەدوای شەهید بوونی، شەهید ڕەوەند بە ڕێ و ڕەسم و مەڕاسیم و پێشوازییەوە تەرمی شەهید ڕەوەندیان گەڕاندەوە بۆ شاری کۆیە و لەوێوە بەرەو گوندی دۆنداری زێدی باب و باپیرانی بەڕێ کرد و لە گۆڕستانی گەورەی دۆندار بە خاک سپێردرا.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان دیدار لەگەڵ بەڕێز (یاسین عەبدوڵڵا عەبدولخالق حەبیب، خاڵی شەهید) ئەنجامدراوە، لە ڕێککەوتی بیست و نۆی حوزەیران، ڕۆژی چوار شەممە، لە ماڵی یاسین، لە کۆیە.





hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە







# شەهید ڕێباز

## ڕێباز ڕەحمان شەریف حەمەلاو

یەکێکی دیکە، لەو شەهیدانەی لە پێناو پاراستن و پارێزگاری کردن لە ئاڵا و نەتەوە و نیشتیمان و خاکی کوردستان، لە شەڕی داعشدا، لە سنووری ناحیەی تەق تەق، شەهید بوو. شەهید ڕێباز ڕەحمان شەریف حەمەلاو ئیلینجاغییە.

ڕێباز ڕەحمان، لە بیست و چواری تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٨٦) لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە بنەڕەتدا بنەماڵەکەیان خەڵکی گوندی ئیلینجاغی گەورە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی و سیاسەتی ڕاگوستن و دوورخستەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، لە ساڵی (١٩٧٧)ـەوە گوندی ئیلینجاغ بەجێدەهێڵن و لە شاری هەولێر نیشتەجێدەبن. بەهۆی فەقیری و کەم دەرامەتی و هەژارییەوە تاکوو پۆلی شەشی سەرەتایی/ بنەڕەتی خوێندووە و لەدواتردا وازی لە خوێندن هێناوە و دەستی کردووە بەکارکردنی جیاواز، لەپێناو درێژەدان بە ژیان.

ڕێباز ئیلینجاغی، لە ساڵی (٢٠١٠)دا و لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەنێوی (بەناز ئیبراهیم فارس ڕەسووڵ) پێکدەهێنێت و بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە و بەیەکەوە بوونەیان دوو منداڵە، کوڕێک بەنێوی (ڕەزوان، تەمەن سێ ساڵ) و کچێک بەنێوی (ڕێناس، تەمەن پێنج ساڵ).

شەهید ڕێباز، لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە دەبێتە پۆلیس و لە سنووری قەزای کۆیە،



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەوام دەکات، تا دروست بوون و نزیک بوونەوەی داعش لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بەرگری کردن و پاراستنی هاوڵاتیانی کوردستان، شەهید ڕێباز و پۆلێک پۆلیسی دیکە دەچنە ڕێزی پێشەوەی شەڕکردن، تا ڕێککەوتی نۆی ئەیلوولی ساڵی (٢٠١٤) لە کاتی بەرگری کردن، لە جەلەولا، لەکاتی تەقینەوە پارچە ساچمەی بەردەکەوێ و لە ئەنجامدا شەهید دەبێ و ناوی دەچێتە ڕێزی شەهیدانی کوردستانەوە.

لەدوای شەهید بوونی شەهید ڕێباز، بە مەڕاسیم و ڕێ و ڕەسمەوە دەهێندرێتەوە و بەڕێ دەکرێ بۆ زێدی خۆی لە ئیلنجاغ و لە گۆڕستانی گەورەی ئیلینجاغ بەخاکی دەسپێرن.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان دیدار لەگەڵ بەڕێزان (عەبدولرەحمان شەریف حەمەلاو عوبێد، باوکی شەهید و ئامینە شەفیق حەمەدەمین خدر، دایکی شەهید و محەممەد شەریف حەمەلاو عوبێد، مامی شەهید) ئەنجامدراوە، لە ڕێککەوتی هەژدەی تەممووز، ڕۆژی یەک شەممە، لە ماڵی باوکی شەهید، لەکۆیە.









hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



# شەهید
# سەید زرار گۆمەتاڵی

## زرار سەعید قادر ئەحمەد


یەكێكی دیكە، لەو شەهیدانەی لە سنووری قەزای كۆیە/ ناحیەی شۆڕش لەكاتی بەرگری كردن لە خاك و نەتەوە و نیشتیمان و هاونیشتیمانیانی كوردستان و ڕووبەڕووبونەوەی چەكدارانی داعش و تێكشانی هێرشەكانیان شەهید بوو، شەهید زرار سەعید قادر ئەحمەد بوو، ناسراو بە سەید زرار گۆمەتاڵی.

زرار سەعید گۆمەتاڵی، لە یەكی تەمموزی ساڵی (١٩٧٧) لە گوندی گۆمەتاڵ/ ناحیەی شۆڕش-دێگەڵە، لەدایك بووە. شەهید زرار بەهۆی نەبوونی پاڵشت و هاندەر، تەنیا پۆلی یەكەمی سەرەتایی خوێندووە، لەدواتردا وازی لەخوێندن هێناوە و زیاتر سەرقاڵی كاری كشتوكاڵی و مەڕداری بووە، بۆ پەیداكردنی بژێوی ڕۆژانەی ژیانی.

شەهید زرار، لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێك بەناوی (زەریفە قادر بابەكر عەبدولرەحمان) پێكدەهێنێ و بەرهەمی ئەو پرۆسە و هاوژینیەیان حەوت منداڵە، شەش كچ بە نێوەكانی (لیمۆ، تەمەن هەژدە ساڵ، پەمۆ، تەمەن شازدە ساڵ، زەینەب، تەمەن پازدە ساڵ، تریفە، تەمەن سێزدە ساڵ، سارا، تەمەن حەوت ساڵ، سەنارییە، تەمەن سێ ساڵ) و كوڕێك بە نێوی (زانیار، تەمەن یازدە ساڵ).


لە ئێستاشدا، هاوژین و منداڵەكانی شەهید، لە گوندی گۆمەتاڵ/ناحیەی شۆڕش، نیشتەجێنە.

شـەهید زرار، لـە سـاڵی (٢٠٠٥)ـەوە پێوەندی بە وەزارەتـی ناوخـۆوە دەکات و وەکوو پۆلیس لـە سـنووری قـەزاری کۆیـە، دەوام دەکات. بـەڵام لـەدوای هاتنـی داعـش و هێرشـەکانی، شـەهید زرار و پۆلێک لە هاوڕێی دیکـەی دەچنە ڕێزی پێشـەوەی بەرگری کردن، لـە خاکی کوردسـتان، تا ڕێککەوتی بیسـت و چواری ئەیلوولـی سـاڵی (٢٠١٤)، لەکاتـی بەرگـری کـردن و بەرپەچدانـەوەی هێرشـەکانی داعـش، لـە دووزخورماتـوو، فیشـەکێک بـەر جەسـتەی دەکەوێت و شـەهید دەبـێ. ئەمـەش تاکـە شـەهیدی سـنووری ناحیـەی شـۆڕشـە، لـە ریـزی بەرگـری کردنـی کوردسـتان، لەبەرانبـەر شـەڕی داعـش.
لـەدوای شـەهید بوونـی سـەید زرار گۆمەتاڵـی، بەمەڕاسـیم و ڕێ و ڕەسـمەوە پێشـوازی لێدەکرێت و بـەرەو زێدی خـۆی بـەڕێ دەکرێ و لـە گۆڕسـتانی گـەورەی گوندی گۆمەتـاڵ بەخاکـی دەسـپێرن.
بۆ وەرگرتنـی زانیارییـەکان دیدار لەگـەڵ بەڕێزان (سـەعید قـادر ئەحمـەد سـمایل، باوکی شـەهید و زەریفـە قـادر بابەکـر عەبدولرەحمـان، هاوژینـی شـەهید) ئەنجامـدراوە، لـە ڕێککەوتـی شـازدەی تەمموز، ڕۆژی شـەممە، لـە ماڵـی باوکی شـەهید، لەگوندی گۆمەتاڵ.





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




لفاتحة
بارامگای شەهید
زرار سعید قادر
لەدایك بووی ١٩٧٧
لە ٢٥،٨،٢٠١٤ لەپیناو نیشتمان
شەهیدکرا



# شەهید سەمەدئاغا

## سەمەد مشیر عەباس ساڵح

یەکێکی دیکە، لەو شەهیدانەی کە لەکاتی ڕووبەڕبوونەوی شەڕی داعشدا لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستان شەهید بوو، شەهید سەمەد مشیر عەباس ساڵح بوو، ناسراو بە سەمەدئاغا.

سەمەدئاغا، لە ساڵی (١٩٧٣) لەگوندی دۆندار-دەشتی کۆیە، لەدایکبووە، لە فێرگەدا تاکوو پۆلی پێنجی بنەڕەتی/ سەرەتایی خوێندووە و لەدواتردا وازی لەخوێندن هێناوە و سەرقاڵی کاری دیکە بووە بۆ بژێوی ژیانی، لەماوەی تەمەنیدا، بەردەوام لە گەرمیان و کوێستاندا بووە، لەنێوان قەزای کۆیە و گوندی دۆندار. شەهید سەمەد، لەبەرئەوەی باپیرانی ئاغا بووە، بە سەمەدئاغا ناسراوە.

شەهید سەمەد، لە تەمەنی گەنجیدا، چەکی لەشان کردووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و لەماوەی پێشمەرگایەتیدا، بەشداری چەندین شەڕی کردووە، لەوانە شەڕی "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" و لە کۆتایشدا "شەڕی داعش".

سەمەد مشیر، لە ساڵی (١٩٩١)دا، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەنێوی (شیلان سەلام حەمید) پێکدەهێنێ و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەشیان کوڕێک بەنێوی (سەروەر، تەمەن بیست و سێ ساڵ) و پێنج کچ بەنێوەکانی (ساوێن، تەمەن بیست



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ساڵ، سابات، تەمەن نۆزدە ساڵ، سارێژ، تەمەن هەژدە ساڵ، سەدا، تەمەن چواردە ساڵ، سارا، تەمەن دوازدە ساڵ).


لەسەرەتای هاتنی داعش، بۆ ناوچەکانی نزیک لە هەرێمی کوردستان، بەردەوام لە ئامادەباشی دابووە، بۆ شەڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، تا شەوی بیست و نۆ لەسەر سی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٥) لە کاتژمێر سێی شەو ئاگادارەکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێی پێشمەرگەی دیکە، بەرەو ڕیزەکانی شەڕ بچن، بۆ کەرکووک. لەکاتی گەیشتنیان بۆ کەرکووک و چوونیان بۆ نێو گوندی مەلا عەبدوڵڵا، ڕووبەرووی داعش دەبنەوە و لەکاتی بەرگری کردن لەنێو خانوێکدا لەگەڵ چوار هەڤاڵی دیکەی سنووری قەزای کۆیە، شەهید دەکرێن و نێویان چووە نێو شەهیدانی کورد و کوردستان. لەدواتریشدا بە ڕێ و ڕەسم و مەراسیمەوە پێشوازی لە تەرمی شەهیدان کرا.

لەدوای گەڕانەوەی تەرمی سەمەدئاغا، لە شاری کۆیەوە بەرێکرا بۆ زێدی لەدایک بوونی خۆی لە گوندی دۆندار و لەگۆڕستانی گوندی دۆندار بە خاک سپێردرا.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان دیدار لەگەڵ بەڕێز (شیلان سەلام حەمید ئەمین، خێزانی شەهید) ئەنجامدراوە، لە ڕێککەوتی بیست و هەشتی حوزەیران، ڕۆژی سێ شەممە، لە ماڵی شەهید، لەکۆیە.







ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید
# سەركەوتی سەید قادری

## سەرکەوت قادر سەعید قادر

یەكێكی دیكە، لەو شەهیدانەی كە لەڕێگەی بەرگری كردن لە خاكی كوردستان لەبەرانبەر داعشدا شەهید بوو، شەهید سەركەوت قادر سەعید قادرە، ناسراوە بە سەركەوتی سەید قادر.

سەركەوت قادر، لە ساڵی (١٩٨٣) لە گوندی دۆندار/ لەدەشتی كۆیە، لە دایكبووە. لەماوەی تەمەنیدا تاكوو پۆلی پێنجی بنەڕەتی/سەرەتایی خوێندووە و لەدواتردا لەبەر فەقیری و هەژاری و كەم دەرامەتی وازی لەخوێندن هێناوە و دەستی كردووە بەكاركردن.

شەهید سەركەوت، لە ساڵی (١٩٩٨)ـەوە چەكی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگەی كوردستان، و لەماوەی تەمەنیدا بەشداری لە چەندین شەڕی كردووە، كە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە، لەوانە شەڕی "جوندولئیسلام" و "كۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" كۆتا شەڕیش كە تێیدا بەشدار بووە "شەڕی داعش" بوو.

سەركەوتی سەید قادر، لە ساڵی (٢٠٠٦) ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێك بەنێوی (تریفە جواد فەتاح مستەفا) پێكدەهێنێ و بەرهەمی هاوبەشی ژیانیان دوو كوڕ بەنێوەكانی (محەممەد، تەمەن حەوت ساڵ و سەركۆ، تەمەن دوو ساڵ) و كچێك

بەنێوی (سومەییە، تەمەن هەشت ساڵ) بوو.

لەگەڵ هاتنی داعش، سەرکەوت بەردەوام لە ئامادەباشیدابووە بۆ شەڕکردن و ڕووبەڕووبونەوەی داعش، تا ڕێککەوتی شەوی چواردە لەسەر پازدەی ئابی ساڵی (٢٠١٤)دا، کاتێک پێشمەرگە لە "مەرکەز حامورابی" خوارووی کەرکووک، سەرقاڵی خۆئامادەکردن و دەرچوون دەبن بۆ گوندی مەلا عەبدوڵڵا، لەو کاتەدا و لەکاتی ڕۆیشتی سەیارەی سەربازی پێشمەرگەکان، سەرکەوت لەسەیارەکە دەپەڕێ و دەکەوێتە خوارەوە، ئەمەش زیانێکی زۆر بەر سەری دەکەوێت.


لەدواتردا، شەهید سەرکەوت بۆ نەخۆشخانەی رزگاری شاری کەرکووک دەگوازرێتەوە، لەوێدا بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بێ ئاگا "بی هۆش" دەمێنێتەوە و لە بیستی ئابدا، بەیەکجاری چاوەکانی لێکدەنێت و لە پێناو خاکی کوردستان گیان لەدەست دەدات. لەدواتردا، ڕێ و ڕەسمەوە تەرمی شەهید دەهێندرێتەوە کۆیە و لە گۆڕستانی دەرویش خدر بە خاکی دەسپێردرێ.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (قادر سەعید قادر سمایل، باوکی شەهید و تریفە جواد فەتاح، هاوژینی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی بیست و نۆی حوزەیران، ڕۆژی چوار شەممە، لەماڵی قادر سەعید، لەکۆیە.





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku







# شەهید سەرباز

## سەرباز ئەکرەم عومەر عەبدوڵڵا

یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی کە لەسنووری ناحیەی تەق تەق لە پێناو پاراستی خاکی هەرێمی کوردستان و گەلەکەیدا شەهید بووە، شەهید سەرباز ئەکرەم عومەر عەبدوڵڵا بوو.

سەرباز ئەکرەم، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٨٦) لە گوندی کانی لەلە نزیک لە ناحیەی تەق تەق، لەدایک بووە، لەماوەی ژیانیدا، بایەخی زۆری بەخوێندن داوە، ئەگەرچی بۆی نەگونجاوە بەشێوەیەکی بەردەوام بخوێنێت، بەڵکو بەشێوەی پچڕ پچڕ خوێندوویەتی، بەشێوەیەک لەو کاتەی شەهید بووە، فێرخوازی قۆناغی سێی زانستە سیاسی و ڕامیارییەکان بووە لە زانکۆی چەرمۆ، لە شاری چەمچەماڵ.

شەهید سەرباز و بنەماڵەکەی تاکوو ساڵی (٢٠٠٣) لە گوندی کانی لەلە نیشتەجێ بوون، بەڵام لەدوای کۆتایی هێنان بە سەددام حوسێن و ڕژێمی بەعس و ئارام بوونەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان شوێنی نیشتەجێبوونیان گواستۆتەوە بۆ ناحیەی تەق تەق.

شەهید سەرباز، لە ساڵی (٢٠١٢)دا پێوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە کردووە و بووە بە پۆلیس، لەبەشی نەوت و گاز، لە سنووری جوگرافی شاری کۆیە، بەڵام لەگەڵ هاتن و بەردەوامی هێرشەکانی داعش و فشارەکانی، بەشێک لە پۆلیسەکانی هەرێمی



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کوردستان نێردرایە بەرەی پێشەوەی شەڕ، بەمەبەستی پارێزگاری و بەرگری کردن لەخاکی کوردستان، یەکێک لەو پۆلیسانەی کە شەهید بوو، شەهید سەربازە.

شەهید سەرباز، بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری کردندا بووە، لەگەڵ هاوڕێکانی، تا ڕێککەوتی نۆزدەی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤)دا، لەگەڵ شەهید ئەردەلانی هاوڕێی لە گوندی (ئینگیجە) لە دووز خورماتوو، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی چێندراوەوە هەردووکیان شەهید دەبن. لەدوای شەهید بونیان بە ڕێ و ڕەسم و مەراسیم و پێشوازی خەڵکی ناوچەکە دەهێندرێتەوە و بەڕێزەوە بەرەو زێدی خۆی کە گوندی کانی لەلەیە بەڕێدەکەن و لە گورستانی گەورەی کانی لەلە بەخاکی دەسپێردرێ.

لەدوای شەهید بوونی سەرباز، کۆلێژی زانستە سیاسی و ڕامیارییەکان لە زانکۆی چەرمۆ، وەکوو وەفا و ڕێز و خۆشەویستی بۆ شەهید سەرباز، کتێبخانەیەکیان بەناوی شەهید سەرباز کردۆتەوە.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێز (شەماڵ ئەکرەم عومەر، برای شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یازدەی تەمموز، ڕۆژی دوو شەممە، لە تەق تەق.









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید سیروان شەقڵاوەیی

## سیروان محەممەد عەبدوڵڵا محەممەد

یەکێکی دیکە، لەو کەسانەی لەکاتی بەرگری کردن لە خاکی هەرێمی کوردستان و پاراستنی گیانی هاونیشتیمانیان شەهید بوو، شەهید سیروان محەممەد عەبدوڵڵا محەممەد بوو، ناسراو بە سیروان شەقڵاوەیی.

سیروان محەممەد ، لە یەکی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦١)دا لە شەقڵاوە لەدایکبووە، تاکوو پۆلی نۆی بنەڕەتی لە شەقڵاوە خوێندووە و لەدواتردا بەهۆی پێشمەرگایەتی و نەگونجانی دەرفەت، وازی لەخوێندن هێناوە. بەڵام لەدوای چەندین دەیە، چۆتەوە فێرگە و پۆلی دە و یازدە و دوازدەی ئامادەیی بە تاقیکردنەوەی دەرەکی تەواو کردووە.

سیروان شەقڵاوەیی، لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە، لەوانە شەری "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەرژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" کۆتا شەڕیش کە تێیدا بەشدار بووە "شەری داعش" بوو، لەو ماوەیەی پێشمەرگایەتیدا، پێنج جار بریندار بووە.

شەهید سیروان، لەدوای شەڕی ناوخۆ، بەهۆی سیاسەتەوە شەقڵاوە بەجێدەهێڵێ و لە شاری کۆیە نیشتەجێ دەبێ. لەو سەروبەندەدا، ژیانی هاوبەش لەگەڵ خانمێک

بەناوی (ڤیان دارا بەحری موراد) پێکدەهێنێ و بەرهەمی ئەو هاوژینیەیان دوو کچی دوانە بە نێوەکانی (یارا و لارا، تەمەن هەشت ساڵ) و سێ کوڕ بەنێوەکانی (کاروان، تەمەن نۆزدە ساڵ، دانا و زانا، دوانەی تەمەن هەژدە ساڵ).

سیروان شەقلاوەیی، پلەی سەربازی عەمید بووە.

شەهید سیروان، لەسەرەتای هاتنی داعشەوە بەشداری لە شەڕەکان کردووە و بەردەوام بەرگری لە خاکی کوردستاندا بووە، تا ڕێککەوتی بیست و چواری نیسانی ساڵی (٢٠١٦) لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی حەشدی شەعبی، لەناو سایلۆی دووز خورماتوو، بە دەستی قەناس بەدەستێک شەهید دەکرێ و ئەویش دەچێتە ڕێزی کاروانی شەهیدانی کوردستان.

لەدوای شەهید بوونی سیروان شەقلاوەیی، بە ڕێ و ڕەسم و مەڕاسیمەوە پێشوازی لێکراو و بەڕێکرایەوە بۆ شەقلاوە و لە گۆڕستانی گردی زەیتوون بەخاک سپێردرا.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (کاروان سیروان محەممەد عەبدوڵلا ، کوڕی شەهید و مەسعوود وەعدوڵلا عەبدولرەحیم ڕەشید، خوارزای شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی چواردەی تەمموز، ڕۆژی پێنج شەممە، لە ماڵی شەهید، لە کۆیە.





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




گۆڕی شەهید
سیروان محمد عبدالله
لە ١/١١/١٩٦١ لەدایک بوە
لە ٢٤/٤/٢٠١٦ شەهیدبووە



# شەهید شاخەوان

## شاخەوان برایم بایز ڕەشید

یەکێکی دیکە لە شەهیدانی سنووری کۆیە، لە گوندی مەلازیاد/ تەق تەق، کە لەبەرانبەر هێرشەکانی داعشدا شەهید بوو، لە پێناو پارێزگاری کردنی لە کورد و کوردستان و پاراستنی گیانی خەڵکی کوردستان، شەهید شاخەوان برایم بایز ڕەشید بوو.

شاخەوان برایم بایز ڕەشید، لە یەکی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٤) لە گوندی مەلازیاد/تەق تەق، لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی تاکوو پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی خوێندووە، لەدواتردا بەهۆی هەژاری و فەقیری و کەم دەرامەتییەوە، وازی لە خوێندن هێناوە و دەستی کردووە، بەکارکردنی جیاواز و جۆراوجۆر.

شەهید شاخەوان، لە ساڵی (١٩٩٨)ـەوە چەکی لەشان کردووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان، لە پێناو پاراستن و بەرگری کردن لە خاک و نەتەوەکەی، لە ماوەی ژیانیدا بەشداری چەندین شەڕی کردووە، لەوانە شەڕی "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" دوا شەڕیش کە شەهید شاخەوان بەشداری تێداکرد و شەهید بوو، "شەڕی داعش" بوو.

شاخەوان، لە ساڵی (٢٠٠٧)ـدا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (شەهلە جەلال فارس) پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو بەیەکەوە بوونەیان، سێ کچە بە نێوەکانی



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

(سیما، تەمەن دە ساڵ، ڕەیان، تەمەن شەش ساڵ، سایە، تەمەن سێ ساڵ).

لەسەرەتای هاتنی داعش و هێرشەکانی بۆ ناوچەکانی نزیک لە هەرێمی کوردستان، شەهید شاخەوان، لە ڕێزی پێشەوەی بەرگری بووە، بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشەکانی داعش و تێکشکانیان، لە پێناو پاراستنی خاک و نیشتیمانی کوردستان، تا ڕێککەوتی سی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٥) لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکەی بەنێوەکانی (کۆسرەت یاسین، سەمەد مشیر، پشتیوان فەتاح و هەڵمەت عەبدولڕەزاق) لە گوندی مەلا عەبدوڵلا/ کەرکووک شەهید دەبن و بەیەکجاری ژیانیان بە کوردستان بەخشی.

لەدوای شەهید کردنی بە مەراسیم و بەڕێز و پێشوازی کردنی خەڵکی ناوچەکە گەڕیندرایەوە و جەستەیان بردەوە گوندی مەلازیاد و لە گۆڕستانی گەورەی مەلازیاد بە خاکیان سپارد.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێز (برایم بایز ڕەشید حەمەد، باوکی شەهید و سەنگەر بایز ڕەشید حەمەد، مامی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یازدەی تەممووز، ڕۆژی دوو شەممە، لەماڵی باوکی شەهید، لەگوندی مەلازیاد/ تەق تەق.










ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید عەلی

## عەلی فواد مایخان فەرەج

یەکێکی دیکە لەو گەنجە تازە پێگەیشتووانەی لە پێناو پاراستنی خاک و نەتەوە و نیشتیمان و ئاڵای کوردستان، لەبەرانبەر هێرشەکانی داعشدا، گیانی خۆی بە خاک بەخشی و نێوی چووە نێو ڕیزی شەهیدانی کوردستانەوە، شەهید عەلی فواد مایخان فەرەج بوون.

عەلی فواد، لە بیست و دووی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٩٤)دا لە بەغدادی پایتەختی عێراق لەدایک بووە، لە بنەڕەتدا بنەماڵەکەیان خەڵکی گوندی مەلا عەزیزن/ لە خانەقین. بەڵام بەهۆی پێداویستی ژیان و ڕێککەوتەوە لە خانەقینەوە شوێنی نیشتەجێ بوونیان دەگوازنەوە بۆ بەغداد، لەدوای ماوەیەک بەرەو سامەڕا دەچن و بۆ ماوەیەکی زۆر تێیدا نیشتەجێدەبن، تا ساڵی (٢٠٠٦)، کە بەیەکجاری دەچنە شاری کۆیە و ، تا ئێستاش تێیدا گیرساونەتەوە.

عەلی، تاکوو پۆلی پێنجەمی ئامادەیی/ یازدەی لە بەغداد خوێندووە، لەدواتردا وازی لە خوێندن هێناوە و بووە بە پێشمەرگە.

شەهید عەلی لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە پێوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە دەکات و دەبێتە بەرگری کاری خاکی کوردستان، تا ڕۆژی شەهید بوونی لە شەڕی داعشدا. لەگەڵ دروست بوونی داعش و کۆنترۆڵ کردنی شاری موسڵ و هێرشکردنیان بۆ

ناوچە سنوورییەکانی خاکی هەرێمی کوردستان، شەهید عەلی لە ڕێزی پێشەوەی بەرگریدا بوو، لە پێناو پاراستنی هاونیشتیمانیانی، تا ڕێککەوتی حەڤدەی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤)، لەکاتی بەرگری کردن و تێکشکانی هێرشەکانی داعش، لە تەلوەرد/ کەرکووک، لە ئەنجامی بەرکەوتنی ساچمەی تەقینەوە گیان لەدەست دەدا و دەبێتە شەهیدی کوردستان.

شەهید عەلی، لەدوای دوو ساڵ پێشمەرگایەتی و لە تەمەنی بیست ساڵیدا شەهید بووە و دووەم بچووکترین شەهیدی سنووری قەزاری کۆیەیە، لە شەڕی داعشدا.

لەدوای شەهید بوونی شەهید عەلی، بەڕێ و ڕەسم و بەڕێزەوە لە کەرکووکەوە بەڕێی دەکەن بۆ سلێمانی و لە وێشەوە بۆ گەرمیان و دەیبەنەوە زێدی خۆی کە گوندی مەلا عەزیزە، لە نزیک خانەقین، لەوێدا بەخاکی دەسپێرن.


بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (فواد مایخان فەرەج، باوکی شەهید و حەیدەر فواد مایخان فەرەج، برای شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی حەڤدەی تەمموز، ڕۆژی شەممە، لە ماڵی باوکی شەهید، لە کۆیە.





hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە







# شەهید سەرباز گڕاوی

## عەبدوڵڵا ئیبراهیم محەممەد مەولوود

یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی لە شەڕی داعش شەهید بووە، لە پێناو پاراستنی کورد و کوردستان و بەرگری کردن لە هاونیشتیمانیانی خۆیان، شەهید عەبدوڵڵا ئیبراهیم محەممەد مەولوود بوو، ناسراو بە سەرباز گڕاوی.

عەبدوڵڵا ئیبراهیم، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٧٠) لە گوندی گڕاو لەبناری سەری ڕەش لەدایکبووە، خوێندی سەرەتایی لە گڕاو و خوێندنی ناوەندی لە مەسیف تەواو کردووە، لەدواتردا و بەهۆی تیکەڵاو بوون و ئاشنایەتی بەسیاسەتەوە وازی لە خوێندن هێناوە.

سەرباز گڕاوی، لە ساڵی (١٩٩٣)دا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (زوهێر ڕەسووڵ محەممەد مەولوود) پێدەهێنێت و بەرهەمی ئەو ژیانەیان شەش منداڵی کوڕە بە نێوەکانی (شامێر، نۆزدە ساڵ، خۆشەنگ، چواردە ساڵ، خۆشمێر، دە ساڵ، خۆشەوی، نۆ ساڵ، شاد، حەوت ساڵ، شاباز، چوار ساڵ).

شەهید عەبدوڵڵا، لە ساڵی (١٩٨٦)ـەوە چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و نازناوی سەرباز گڕاوی بۆ دانراوە پێی ناسراوە و هەر بەو ناوە بانگهێشت کراوە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە، کە لەو نێوانە ڕوویداوە، لەوانە لەوانە شەڕی "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" دوا جاریش "شەری داعش".
لەڕاپەرینیشدا ڕۆڵی گرینگی هەبووە، لەو ماوەیەشدا سێ جار بریندار بووە.
شەهید سەرباز گڕاوی، پلەی سەربازی عەمید بووە.
شەهید سەرباز، لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە بەهۆی سیاسەت کردنەوە شوێنی نیشتەجێبوونی دەگوازێتەوە بۆ شاری کۆیە و تێیدا نیشتەجێدەبێ.
لە سەرەتای هاتنی داعش و نزیک بوونەوەیان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، سەرباز گڕاوی بەردەوام لە ریزی پێشەوەی بەرگری کردندا بووە، تا ڕێککەوتی بیست و چواری تەمموزی ساڵی (٢٠١٤) لەدوای ئازاد کردنی جەلەولا و بەرگری کردنیان لەو شارە، بەهۆی فیشەکێکەوە دەپێکرێ و ژیانی دەبێتە قوربانی کوردستان و نێوی دەچێتە ڕیزی شەهیدانی کوردستانەوە.
لەدوای شەهید بوونی شەهید سەرباز، بەمەڕاسیم و ڕێ و ڕەسمەوە دەهێندرێتەوە شاری کۆیە و لە تەنیشت شەهید محەممەدی برای لە گۆڕستانی قشڵە بەخاکی دەسپێرن.
بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێز (زوهێر ڕەسووڵ محەممەد مەولوود، هاوژینی شەهید و ئەلعەت ئیبراهیم محەممەد مەولوود، برای شەهید) ئەنجامدراوە.
لە ڕێککەوتی هەژدەی تەمموز، ڕۆژی یەک شەممە، لە ماڵی برای شەهید، لە کۆیە.










ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید عەباس

## عەباس سەعدی ئیسماعیل خدر

یەکێکی دیکە، لەو شەهیدانەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا و پەرێزگاری کردن لە کوردستان، لەسنووری ناحیەی سێگردکان شەهید بوو، شەهید عەباس سەعدی ئیسماعیل خدرە.

عەباس سەعدی، لە یەکی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٧٤) لە گوندی سارتک، لە ناحیەی سێگردکان/ کۆیە لەدایک بووە. لەماوەی ژیانیدا تاکوو پۆلی پێنجی بنەڕەتی خوێندووە، لەدواتردا بەهۆی فەقیری و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە وازی لەخوێندن هێناوە و سەرقاڵی کارکردن بووە.

شەهید عەباس، لەڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە، چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە، کە پێوەندی بە کوردستانەوە هەبووە، لەوانە شەڕی "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" و کۆتا شەڕیش "شەڕی داعش" بووە. لەو ماوەیەشدا دوو جار بریندار کراوە، ئەڵبەتە لە ساڵانی نەوەدەکان برایەکی دیکەی بەنێوی سەعید شەهید بووە.

شەهید عەباس، لە ساڵی (١٩٩٥)دا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەنێوی (ئەدیبە حەمەدئەمین رەشید) پێکهێناوە و بەرهەمەکەیان دوو کوڕ بەنێوەکانی (عەلی، تەمەن

هەژدە ساڵ و یوسف، تەمەن پازدە ساڵ) و سێ کچ بەنێوەکانی (فێنک، تەمەن بیست ساڵ، هەتاو، تەمەن نۆزدە ساڵ و فرمێسک، تەمەن دوازدە ساڵ) بووە. لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بۆ جاری دووەم ژیانی هاوبەش لەگەڵ خانمێکی دیکە بەنێوی (زریان سەباح شەریف) پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو بەیەکەوە بوونەیان دوو کوڕ بەنێوەکانی (محەممەد، تەمەن پێنج ساڵ و مەحموود، تەمەن دوو ساڵ) و کچێک بەنێوی (فاتمە، تەمەن شەش ساڵ) بووە. واتە خاوەنی هەشت منداڵ بووە.

شەهید عەباس، لە یازدەی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤)دا، لە دووبز شەهید بووە، واتە بەماوەیەکی کەم لەدوای داگیرکردن شاری موسڵ لەلایەن داعشەوە. لەدوای شەهید بوونی شەهید عەباس، جەستەی شەهید دەگوازرێتەوە شاری هەولێر و لە دارەتوو بەخاک دەسپێرن، بەپێچەوانەی شەهیدەکانی تر، کە لەزێدی خۆی بە خاکیان سپاردووە.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (عەیشێ وەسمان محەممەد، دایکی شەهید، ئەدیبە حەمەدەمین ڕەشید، خێزانی شەهید و زریان سەباح شەریف، خێزانی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی دوازدەی تەمموز، ڕۆژی سێ شەممە، لە قەرەناو، لە ماڵی ناوبراوان.





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku







# شەهید عەزیز

## عەزیز عەلی خدر شێخە

یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی کە لە سنووری قەزای کۆیە، لە شەڕی ڕووبەڕووبونەوەی داعشدا شەهید بووە، لە پێناو پاراستنی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان و خاک و نیشتیمانی کوردان، شەهید عەزیز عەلی خدر شێخە بوو.

عەزیز عەلی خدر، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٧٢) لە گوندی توتمێ/بالیسان، لەدایک بووە، لەبەر فەقیری و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە تاکوو پۆلی چوارەمی سەرەتایی/ بنەڕەتی خوێندووە و لەدواتردا وازی لەخوێندن هێناوە و سەرقاڵی کار و پیشەی ڕۆژانە بووە و بژێوی ژیانی دابین کردووە.

عەزیز عەلی، لە ساڵی (١٩٩٣) ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (کوردستان ڕەحمان ڕەسووڵ) پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو ژیانەیان دوو منداڵە، کوڕێک بەنێوی (محەممەد، تەمەن بیست و دوو ساڵ) و کچێک بە نێوی (شەیما، تەمەن بیست ساڵ).

لەدوای ساڵی (١٩٩٦)ەوە بەهۆی سیاسەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە شاری هەولێرەوە دەگوازنەوە بۆ کۆیە.

شەهید عەزیز، لە ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١)ەوە چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە، کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە. لە



hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

ماوەی پێشمەرگایەتیشدا دوو جار بریندار بووە. ئەڵبەتە، لە خێزانەکەیاندا دوو برای دیکەی بە نێوەکانی (فرسەت و سەباح) شەهید بووە.

لەگەڵ هاتنی داعش و نزیک بوونەوەیان لە کوردستان، بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری کردندا بوو، لەبەرانبەر هێرش و فشارەکانی داعشدا، تا سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٦) لە کاتی بەرگری کردن و تێکشانی هێرشەکانی داعش، لە شەنگال لە کاتی تەقینەوە ساچمەی بەردەکەوێت و لە ئەنجامدا بریندار دەبێ و بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانە لە دهۆک چارەسەری وەردەگرێت. بەڵام لەدوای سێ مانگ و لە بیست و سێی ئاداری ساڵی (٢٠١٦) بەهۆی ئازاری برینەکەی کە ساچمە لە جەستەی دامابوو، گیان لەدەست دەدات و دەچێتە ڕیزی شەهیدانی کوردستانەوە.

لەدوای شەهید بوونی شەهید عەزیز، بە ڕێ و ڕەسم و بەڕێزەوە بەرەو بالیسانی دەبەنەوە و لە گۆڕستانی گەورەی توتمە، لە گوندی توتمە بە خاکی دەسپێرن.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێز (نەجات عەلی خدر شێخە، برای شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی شازدەی تەمموز، ڕۆژی شەممە، لە ماڵی برای شەهید، لە کۆیە









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید قەهار

## قەهار سەلیم حەمەدئەمین حوسێن

یەکێکی دیکە، لەو شەهیدانەی کە لە سنوری ناحیەی تەق تەق، لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستان و هاونیشتیمانیانی گیانی خۆی بەخت کرد، شەهید قەهار حەمەدئەمین حوسێن بوو.

قەهار سەلیم حەمەدئەمین حوسێن، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٧٩) لە گوندی مەرزان/ ناحیەی تەق تەق، لەدایک بووە. لە تەمەنی دە ساڵیدا دەستی بەخوێندن کردووە و تەنیا دوو ساڵ لەخوێندن بەردەوام بووە، لەبەر خراپی بارودۆخی ئەوسا، بەڵام شەهید قەهار حەزی خوێندنی هەردەبێ و لە ساڵی (٢٠١٣ و ٢٠١٤) لە فێرگەی خێرا، لە شاری کۆیە، قۆناغی سەرەتایی بەسەرکەوتویی تەواو دەکات.

شەهید قەهار، لە ساڵی (١٩٩٤) و لەو تەمەنی پازدە ساڵیدا، چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان، لەدوای ئەو ڕێککەوتەوە تاکوو ڕۆژی شەهید بوونی بەردەوام پارێزگاری لە خاکی کوردستان کردووە و بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە، لەوانە شەری "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" کۆتا شەڕیش کەتێیدا بەشدار بوو و تێیدا شەهید کرا "شەری داعش".

شەهید قەهار، پلەی سەربازی ملازمی یەک بووە.

قەهار، لە ساڵی (٢٠٠١)ـەوە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بە ناوی (نازەنین عەبدولجەبار عەبدوڵڵا) پێکدەهێنێت و بەرهەمی ئەو هاوژینییەیان سێ کوڕ بەنێوەکانی (بەهێز، تەمەن دوازدە ساڵ، بەڕێز، تەمەن سێ ساڵ، ئارێز، تەمەن دوو ساڵ) و سێ کچ بەنێوەکانی ( سۆزان، تەمەن سێزدە ساڵ، بەسۆز، تەمەن نۆ ساڵ، پەرێز، تەمەن شەش ساڵ)ە.

شەهید قەهار، لە ڕێککەوتی سیی ئابی ساڵی (٢٠١٥)دا، لە گوندی (کواز عەرەب) لە باشووری شاری کەرکووک لەگەڵ ئەردەوان بەحری بەهۆی بۆمبی چێندراوەوە شەهید دەبن و دەچنە نێو کاروانی خەباتی نەمرانی کوردەوە. لەدوای شەهید بوونی بە مەراسیم و پێشوازییەوە دەهێندرێتەوە و بۆ زێدی خۆی و لە گۆڕستانی گوندی مەرزان، بەخاک دەسپێردرێ.

لەدوای شەهید کردنی شەهید قەهار، لە ناحیەی تەق تەق خولی تۆپی باڵەی بەناوکراوەتەوە و توانیویانە ئەنجامی باش بەدەست بهێنن.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (ڕزگار سەلیم حەمەدئەمین، برای شەهید و نازەنین عەبدولجەبار عەبدوڵڵا، خێزانی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یازدەی تەمم





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




الفاتحة
شەهید
قهار سلیم حمد امین
لە ١/٧/١٩٧٩ لەدایك بووە
لە ٣٠/٩/٢٠١٥ لە سنووری کرکوك
شەهید کرا
إنّ وعد الله حق



# شەهید
# کۆسرەتی هونەرمەند

## کۆسرەت یاسین حەمەدەمین ڕەسووڵ

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی کە گیانی خۆی لە پێناو هاونیشتیمانی خۆی و بەرگری کردنی لە خاکی کوردستان بەخشی، شەهید کۆسرەت یاسین بوو، کە بە دووەم شەهیدی گوندی سارتک لەناحیەی سێگردکان دادەنرێ، لەدوای شەهید عەباس.

کۆسرەت یاسین حەمەدەمین ڕەسووڵ، لە چواردەی شوباتی ساڵی (١٩٨٩) لە هەولێر لەدایک بووە، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی سارتکن، بەڵام بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی و فشار و هێرشەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر کوردستان، بۆ ماوەیەک زێدی خۆیان بەجێدەهێڵن و دەچنە هەولێر. کۆسرەت خوێندنی سەرەتایی تاکوو پۆلی پێنجی بنەڕەتی خوێندووە و لەدواتردا وازی لە خوێندن هێناوە. بەڵام لەدوای چەندین ساڵ دەست دەکاتەوە بەخوێندن تاکوو پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، بەڵام لەو ساڵەدا ناوبراو شەهید دەبێت.

کۆسرەت، لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بە نێوی (ڤیان یاسین ڕەسووڵ) پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو هاوژینییەیان، منداڵێکی کوڕ بوو، کە لە چلەی شەهید بوونی کۆسرەت لەدایک بوو و ناوی ئازیزیان لێ نا. کۆسرەت و بنەماڵەکەی لە گوندی سارتک دادەنیشتن، بەڵام لەدوای شەهید بوونی ماڵەکەیان لە سارتکەوە دەگوازنەوە بۆ تەق تەق.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شـەهید کۆسـرەت، لـە سـاڵی (٢٠١٣)ـەوە چەکی هەڵگرتـووە و بـووە بـە پێشـمەرگەی کوردسـتان و لەسـەرەتای هاتنـی داعـش و هێرشـەکانی بـەردەوام بەرگـی لـە خاکـی کوردستان کردووە، تا ڕێککەوتی سـی و یەکی کانوونـی دووەمی سـاڵی (٢٠١٥) لەکاتی بەرگـری کـردن و ڕووبەڕووبوونـەوەی داعـش لـە گونـدی مـەلا عەبدوڵـڵا لـە کەرکـووک بەهۆی بۆمبی چێندراوەوە شـەهید دەبـێ. لـەدوای ئەمـە بەمەراسـیم و پێشـوازی خەڵکی ناوچەکـە جەسـتەی دەگەڕێندرێتـەوە بـۆ زێـدی خـۆی و لـە گونـدی سـارتک بەخـاک دەسـپێردرێ.

کۆسـرەت، لەسـنووری تەق تەق و سـێگردکان، کەسـێکی چالاک و بەچاو بووە، بەشـداری زۆربـەی کاری ڕێکخراوەکانـی کـردووە، لەلایەکـی دیکـەوە یەکێـک بـووە لـە وەرزشـکارە بەتوانـاکان. هـاوکات کەسـێکی دەنـگ خـۆش و لێهاتـوو بـوو، لەبـواری گۆرانـی وتـن، لـەدوای شـەهید بوونیشـی ژمارەیەکی زۆر بەرهـەمەکانی بـە نـاوی گۆرانییەکانـی شـەهید کۆسـرەت بڵاوکرایـەوە.

بـۆ وەرگرتنـی زانیارییەکانـی دیـدار لەگـەڵ بەڕێـزان (یاسـین حەمەدەمیـن ڕەسـووڵ، باوکی شـەهید و زانیـار یاسـین حەمەدەمین، بـرای شـەهید) ئەنجامـدراوە. لـە ڕێککەوتی یـازدەی تەمـووز، ڕۆژی دوو شـەممە، لەماڵـی باوکـی شـەهید، لـە تـەق تـەق.









hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



# شەهید
# گەنجۆ گەرمیانی

## ئەحمەد محەممەد عەباس ئەحمەد

یەکێکی دیکە، لەو شەهیدانەی لەڕێگەی خەباتی ڕزگاری خوازی کورد، لەبەرانبەر داعشدا شەهید بووە، شەهید ئەحمەد محەممەد عەباس ئەحمەد ناسراو بە گەنجۆ گەرمیانی.

گەنجۆ گەرمیانی، لە حەڤدەی تەمموزی ساڵی (١٩٩٧)دا لە کۆیە، لەدایکبووە، تا پۆلی دەی ئامادەیی خوێندووە، لەدواتردا بەهۆی پێوەندیکردن بە پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" وازی لە خوێندن هێناوە.

گەنجۆ گەرمیانی، لە نێوەڕاستی ساڵی (٢٠١٣)دا، ئاشنایەتی لەگەڵ هەڤالانی پەکەکە دروست دەکات و بەتێپەڕبوونی کات، بەشداری لە زۆربەی کۆڕ و کۆبونەوەکان دەکات، بەتایبەتی چالاکییەکانیان لە شاری کەرکووک. ئەڵبەتە لەخۆشەویستی دایکی، نێوی لەخۆی ناوە گەنجۆ گەرمیانی، چونکە دایکی خەڵکی کەرکووکە و لەسنووری جوگرافی گەرمیاندایە.

لەدوای دروست بوونی داعش و هێرشەکانی بۆ سەر شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بڕیاردەدات بچێتە سوریا. لە سی ئابی ساڵی (٢٠١٤)دا، گەنجۆ دەچێتە بناری قەندیل و نزیکەی مانگێک لەوێ دەمێنێتەوە و خولی پێگەیاندنی سەربازی دەبینێت و لە دواتردا دەچێتە ڕۆژئاوایی کوردستان.

لەدوای چوونی گەرمیانی بۆ کۆبانی، پێوەندی بە یەکینەکانی پاراستنی گەل( YPG) ـەوە دەکات و بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کۆبانی کردووە و تەنانەت لە گرتنەوەی بەشێکی زۆر لە ناحیە و گوندەکانی سنور و سەنتەری کۆبانی بەشداربووە، تا ڕێککەوتی دووی ئازاری ساڵی (٢٠١٥)ـدا لەکاتی گرتنەوە گوندی چەلەبی، لەناو کارگەی چیمەنتۆ، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی چێندراوەوە لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵی دیکەی، شەهید دەبن.

گەنجۆ گەرمیانی، پلەی سەربازی فەرماندە بووە.

گەنجۆ گەرمیانی، بچووکترین شەهیدی سنووری جوگرافی قەزای کۆیەیە، کە لەبەرانبەر شەڕی داعشدا شەهید بووبێ.

لەدوای شەهید بوونی، لە گۆڕستانی شەهیدانی کۆبانی لە ڕۆژئاوا ئەسپەردە دەکرێ و لەدوای شەش مانگ، لەڕێی هەڤاڵانی پەکەکە گۆڕی گەرمیانی دەهێننەوە بۆ "دێرک" قامیشلۆ و لەوێشەوە لەڕێگەی محەممەد عەباسی باوکی شەهید، گۆڕی ناوبراو، لەسنوری فیشخابورەوە بە مەراسیمەوە دەگەڕێننەوە باشووری کوردستان لە گۆڕستانی شەهیدان، لە شاری کۆیە، بەخاکی دەسپێرن.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (سەمیرە یاسین عەبدوڵڵا، دایکی شەهید و محەممەد عەباس ئەحمەد، باوکی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی بیسـ ... ـیە.


بڕوانامەی شەهید

بۆ بنەماڵەی بەڕێز "ئەحمەد محەمەد عەباس"

بەڕێزان دوای لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەلایەن کۆمیتەی شەهیدان و خانەوادەی هەڤاڵان گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە هەڤاڵمان ئەحمەد محەمەد عەباس، ناسراو بەهەڤاڵ "گەنجۆ گەرمیانی" کە ناوی دایکی "سەمیرە"یە و ناوی باوکی محەمەد عەباس"ە، لەدایکبووی ساڵی "1997"ە، لەساڵی "2014"دا پەیوەندی بە بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان کردووە، بەپێی زانیاری لە "2015/3/2"دا لە کۆبانێ، گوندی چەلەبی لەئەنجامی بەرخودان و شەڕ دژ بەگروپە چەتەکانی داعش دەگاتە پلەی بەرز شەهادەت و تەرمەکەشی لەمەزارگەی شەهیدان لەکۆبانێ بەخاک ئێژراوە.


بنەماڵەی شەهید ئەحمەد محەمەد عەباس، ناسراو بە هەڤاڵ "گەنجۆ گەرمیانی" سەلماندی کە گەلی کورد سەرەڕای زۆری و زەحمەتی دژواری هێشتا خاوەن ڕۆڵەی قارەمان و خۆنەویستن، ئێمەش بێگومانین کە هەتا گەلەکەمان بەگشتی و بنەماڵەی وەکو بەڕێزتان ڕۆڵەیەکی وەکو، شەهید "گەنجۆ گەرمیانی" بەرهەم بهێنێت، ئەوە کاروانی ئازادیمان هەردەگاتە خۆر. ئێمە لەکاتێکدا شەهیدبوونی شەهید "گەنجۆ گەرمیانی"تان پیرۆزدەکەینین، داواتان لێدەکەین کە بەشانازییەوە هەموو کاتێک یادی ئەو شەهیدانە بکەنەوە. ئێمەش وەکو هەڤاڵ و هاوڕێیانی شەهید هەتا دوایی پابەندی شەهید و ڕێبازەکەی دەبین. لەکۆتاییدا دەڵێین شەهیدان نامرن و ڕووناکی ڕێگای ژیان و خەباتمانن.

کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانی
پارتی کرێکارانی کوردستان
بەرواری: 2015/4/10



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


YPG
Ş-GÊNCO GERMIYANÎ





# شەهید هەژار

## هەژار جەلیل عەبدوڵڵا حەمەدەمین

یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی کە لە سۆنگەی بەپرسیاریەتی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و پاراستنی خاکی کوردستان گیانی خۆی بە کوردستان بەخشی، لەدژی هێرشەکانی داعشدا، لە ناحیەی سێگردکان، شەهید هەژار جەلیل عەبدوڵڵا حەمەدەمین بوو.

هەژار جەلیل عەبدوڵڵا حەمەدەمین، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٨٥) لە ناحیەی سێگردکان/قەزای کۆیە، لەدایک بووە، لەبەر هەژاری و فەقیری کەم دەرامەتی تاکوو پۆلی پێنجی سەرەتایی/ بنەڕەتی خوێندووە، لەدوای وازهێنانی لە خوێندن دەستی کردووە بە کارکردنی جیاواز و جۆراوجۆر، بەمەبەستی دابین کردنی بژێوی ژیان.

بنەماڵەی شەهید هەژار لە ساڵی (٢٠٠٤)دا، لە ناحیەی سێگردکانەوە شوێنی نیشتەجێ بوونیان گواستۆتەوە بۆ ناحیەی تەق تەق و بەیەکجاری لەوێدا نیشتەجێ بوونە.

شەهید هەژار، لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە چەکی لە شان کردووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و بەشداری ئەو شەڕانەی کردووە، کە لەو ماوەیەدا ڕوویانداوە.

هەژار جەلیل، لە ساڵی (2009)دا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (شەیما حوسێن عومەر ئەحمەد) پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو هاوژین و بەیەکەوە بوونەیان، دوو



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کچە بەنێوەکانی (ئەسما، تەمەن شەش ساڵ و سەنا، تەمەن دوو ساڵ).
شەهید هەژار، لەسەرەتای هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش" بەردەوام لەڕێزی پێشەوەی شەڕکردندا بووە، بەمەبەستی پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان و هاونیشتیمانیانی، تا ڕێککەوتی شەشی ئەیلوولی ساڵی (٢٠١٤) لەئەنجامی بەرگری کرد و تێکشکانی هێرشەکانی داعش لە گوێر، فیشەکێک بەر جەستەی هەژار دەکەوێت و لەدوای ماوەیەکی کەم گیان لەدەست دەدات و بەیەکجاری ماڵئاوایی لە دونیا دەکات.
لەدوای شەهید بوونی شەهید هەژار، بە ڕێز و مەراسیمەوە پێشوازی لێدەکرێت و دەینێرنەوە ناحیەی سێگردکان و لە گۆڕستانی گەورەی سێگردکان بەخاکی دەسپێردێ.
بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێز (هێرش جەلیل عەبدوڵڵا، برای شەهید، شەیما حوسێن عومەر، هاوژینی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یازدەی تەممووز، ڕۆژی دوو شەممە، لەماڵی برای شەهید، لەناحیەی تەق تەق.



## زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ







ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهید هێمن

## هێمن حەوێز حەمەدەمین سالّح

یەکێکی دیکە، لەو شەهیدانەی کەپێناو پارێزگاری لە خاکی کوردستان و لە ڕووبەڕووبونەوەی شەڕی داعشدا شەهید بوو، شەهید هێمن حەوێز حەمەدەمین سالّح بوو، لەدوای بریندار بوونی بە سێ ڕۆژ، گیانی لەدەستدا.

هێمن حەوێز حەمەدەمین سالّح، لە دووی مایسی سالّی (١٩٨٢) لە شاری کۆیە لەدایک بووە. لە بنەچەدا، بنەماڵەکەیان خەڵکی گوندی سوورەقەلاّ-دەشتی کۆیەن. لە ژیانیدا تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە لەدواتردا لەبەر فەقیری و هەژاری وازی لەخوێندن هێناوە خەریکی کاری دیکە بووە.

شەهید هێمن، لە سالّی (١٩٩٧)ەوە، دەستی داوەتە چەک و بووە بە پێشمەرگە و لە ماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری لە شەری "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە سالّی (٢٠٠٣)" و "شەری داعش" کردووە.

هێمن حەوێز، لە سالّی (٢٠٠٤)دا، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەنێوی (حەمدییە حامد عەزیز) پێکهێناوە، بەرهەمی ئەو بەیەکەوەبوونەیان دوو کوڕ بە نێوەکانی (ڕێکان، تەمەن دە سالّ، هەکار، تەمەن نۆ سالّ) و و کچێک بەنێوی (سەنا، تەمەن چوار سالّ)

لەسەرتای هاتنی داعش بۆ ناوچەکە، شەهید هێمن لەڕێزی پێشەوەی بەرگری کردندا

بووە، تا ڕێککەوتی سی و یەکی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٥) لە گوندی مەلا عەبدوڵڵا و لەشەڕێکی دەستەویەخە لە ئەنجامی هەڵدانی ڕوومانەیەک و بەرکەوتنی ساچمەیەک بە پشتە سەری بریندار دەبێت و لەدواتردا ڕەوانەی نەخۆشخانەی فێرکاری لە سلێمانی دەکرێت و ماوەی حەفتا و دوو کاتژمێری بۆ ژیان و مردنی دادەنرێت، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەی و ئازار گەیشتنی زۆر بەسەری، ناوبراو لە دووی نیسانی هەمان ساڵ، بەیەکجاری گیان لەدەست دەدا و دەچێتە ڕێزی شەهیدانی کوردستانەوە.

لەدوای گیان لەدەست دانی شەهید هێمن، بە مەڕاسیم پێشوازی لێدەکرێت و بەڕێدەکرێت بۆ ناحیەی خدران-دوکان و لە گۆڕستانی گەورەی ناحیەی خدران بەخاک دەسپێردێ. لەدواتریشدا وەک وەفا و دڵسۆزێک بەرانبەر شەهید، هۆڵ و باخچەیەک بەنێوی شەهید هێمن دەکەن، لە ناحیەی خدران.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (دابان حەوێز حەمەدەمین ساڵح، برای شەهید و حەمدییە حامد عەزیز، هاوژینی شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یەکی تەمموز، ڕۆژی شەممە، لەماڵی شەهید، لە شاری کۆیە.





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




هێمن گیان
لە ڕێگای سەربەخۆیی نیشتمانم
ئەگەر مردم بە شانازی دەزانم
سەرم بەرزە لە ئاستی میللەتی خۆم
کە کرنۆشم نەبرد بۆ دوژمنانم

# لیستی سەرچاوەکان

کتێبەکان:
١- کۆمەڵێک نوسەر: داعش و داعشناسی بڵاوکراوەی ئایدیا، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥.
٢- ئەنوەر حسێن: داعش و میلیشییاکان، بڵاوکراوەی ئایدیا، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٦.
دیدارەکان:
٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز: سەمیرە یاسین عەبدوڵڵا، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٦/٢٨.
٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز: محەممەد عەباس ئەحمەد، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٦/٢٨.
٥- دیدار لەگەڵ بەڕێز: دابان حەوێز حەمەدەمین ساڵح، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١.
٦- دیدار لەگەڵ بەڕێز: حەمدییە حامد عەزیز، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١.
٧- دیدار لەگەڵ بەڕێز: نەجات عەلی خدر شێخە، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٦.
٨- دیدار لەگەڵ بەڕێز: فواد مایخان فەرەج ، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٧.
٩- دیدار لەگەڵ بەڕێز: حەیدەر فواد مایخان فەرەج، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٧.
١٠-دیدار لەگەڵ بەڕێز: زوهێر ڕەسووڵ محەممەد مەولوود، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٨.
١١- دیدار لەگەڵ بەڕێز: ئەلعەت ئیبراهیم محەممەد مەولوود، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٨.
١٢-دیدار لەگەڵ بەڕێز: شیلان سەلام حەمید ئەمین، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/٨.
١٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز: قادر سەعید قادر سمایل، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٦/٢٩.
١٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز: تریفە جواد فەتاح، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٦/٢٩.
١٥- دیدار لەگەڵ بەڕێز: کاروان سیروان محەممەد عەبدوڵڵا، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

.٢٠١٦/٧/١٤

١٦- دیدار لەگەڵ بەڕێز: مەسعوود وەعدوڵڵا عەبدولرەحیم ڕەشید، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٤.

١٧- دیدار لەگەڵ بەڕێز: عەبدولرەحمان شەریف حەمەلاو عوبێد، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٧.

١٨- دیدار لەگەڵ بەڕێز: ئامینە شەفیق حەمەدەمین خدر، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٧.

١٩- دیدار لەگەڵ بەڕێز: محەممەد شەریف حەمەلاو عوبێد، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٧.

٢٠- دیدار لەگەڵ بەڕێز: بەحری قادر قادر جەوهەر، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/٣.

٢١- دیدار لەگەڵ بەڕێز: سەردار بەحری قادر قادر، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/٣.

٢٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز: خوناو عەبدولرەحمان محەممەد عەزیز، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٦.

٢٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز: نەجیبە ڕەسووڵ ئەحمەد، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٤.

٢٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز: قادر عومەر ئەمین خدر، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٤.

٢٥- دیدار لەگەڵ بەڕێز: فێنک سەلیم لەتیف ئەحمەد، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/٣.

٢٦- دیدار لەگەڵ بەڕێز: یاسین عەبدوڵڵا عەبدولخالق حەبیب، لە قەزای کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٦/٢٩.

٢٧- دیدار لەگەڵ بەڕێز: شەماڵ ئەکرەم عومەر، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٢٨- دیدار لەگەڵ بەڕێز: عەیشی تەها ساڵح، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٢٩- دیدار لەگەڵ بەڕێز: ئارام میرخان ئەسعەد، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٠- دیدار لەگەڵ بەڕێز: هەتاو میرخان ئەسعەد، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣١- دیدار لەگەڵ بەڕێز: خزر عەباس ئەحمەد، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز: یاسین حەمەدەمین ڕەسووڵ، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز: زانیار یاسین حەمەدەمین، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز: هێرش جەلیل عەبدوڵلا، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٥- دیدار لەگەڵ بەڕێز: شەیما حوسێن عومەر، لە ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٦- دیدار لەگەڵ بەڕێز: رزگار سەلیم حەمەدئەمین، لە گوندی مەرزان، ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٧- دیدار لەگەڵ بەڕێز: نازەنین عەبدولجەبار عەبدوڵلا، لە گوندی مەرزان، ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٨- دیدار لەگەڵ بەڕێز: عەزیز بایز ڕەشید حەمەد، لە گوندی مەلازیاد-ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٣٩- دیدار لەگەڵ بەڕێز: برایم بایز ڕەشید حەمەد، لە گوندی مەلازیاد-ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٤٠- دیدار لەگەڵ بەڕێز: سەنگەر بایز ڕەشید حەمەد، لە گوندی مەلازیاد-ناحیەی تەق تەق، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١١.

٤١- دیدار لەگەڵ بەڕێز: عەیشێ وسمان محەممەد، لە قەرەناو، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٢.

٤٢- دیدار لەگەڵ بەڕێز: ئەدیبە حەمەدەمین ڕەشید، لە قەرەناو، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٢.

٤٣- دیدار لەگەڵ بەڕێز: زریان سەباح شەریف، لە قەرەناو، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٢.

٤٤- دیدار لەگەڵ بەڕێز: سەعید قادر ئەحمەد سمایل، لە گوندی گۆمەتاڵ، ناحیەی شۆڕش-دێگەڵە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٦.

٤٥- دیدار لەگەڵ بەڕێز: زەریفە قادر بابەکر عەبدولرەحمان، لە گوندی گۆمەتاڵ، ناحیەی شۆڕش-دێگەڵە، ڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/١٦.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## پێناسەی نووسەر

زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ
دەرچووی زانکۆی کۆیە/ بەشی مێژوو
دانیشتووی شاری کۆیە
چەندین ساڵە بەشێوەی فری لانس کاری ڕۆژنامەوانی دەکات.

بۆ پەیوەندیکردن
ژمارە تەلەفۆن:
٠٧٧٠١٥٩٣٨١٣
٠٧٥٠١٥٩٣٨١٣
ئیمێڵ:
zamdar.0098028@gmail.com
فەیسبووک:
Zamdar ahmad